# نهێنیەکانی پۆلی
# 12

## ژیانی قوتابیەکی پۆلی 12



نوسین: دانیە عبدالخالق

2020-2021

# بەشی یەکەم ،دەستپێک:


وەک خەیاڵێک ئەچمە ناو ئەمساڵم

ئەمساڵ کە تێمپەراند

وەک پێشرەویەک

بۆ ئەوانەی لە دوای من پیایدا تێئەپەرن

وەک وانەیەک دەیگێرمەوە...



سڵاو من دانیەم هاورێی ئەمساڵی تۆم

من لەگەڵت ئەبم لە هەر هەنگاوێک کە ئەینێییت لە هەموو سەختی و خۆشی و ناخۆشیەکان،با برۆین..

**وەرە لەگەڵم...**



من له ڕێگام له قوتابخانه دێمەوه بۆ ماڵ ،
دیمەنەکان زۆر جوانن..ئاسمانی شین،
سەوزایی درەختەکان، دۆخێکی ئارام...



من کێم؟!

چی ئەکەم؟!

بۆ کوێ ئەرۆم؟!

خەریکی وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە بووم
به دەمی رۆشتن له پۆلی یانزەوه بۆ پۆلی
دوانزه...

پێم وابوو دواجاره ئەو دیمەنانه هێنده به
جوانی ئەبینم..

هەولْم ئەدا چێژ له کاتەکانم وەربگرم...

له هەنگاوەکانم...تەنانەت له نەفەسەکانیشم..

کات تێپەری چەند رۆژێکی کەم پشومدا دواتر کەوتمە بیرکردنەوە ئەبێت ئەمساڵم چۆن بروات ؟!چۆن بێت؟!

ئەبێت هێندە سەختبێت وەک ئەوەی کە باس ئەکرێت!!

بەردەوام بیرم ئەکردەوە من چیبکەم تاوەکو کەسێکی سەرکەوتوبم!!

سەرەتا وەڵامی ئەم پرسیارانەم نا ئەزانی تەنها وامئەزانی کە پێویستە بخوینم...

رۆژەکان نزیک بونەوە و من ئەرۆمە ناو ئەم قۆناغەی ژیانمەوە ...

بەدەم ئەم بیرکردنەوانە هەنگاومنا بۆ لای کەسانێک کە ئەم قۆناغەیان تێپەراندبوو تا دەربارەی ئەمساڵم زانیاری وەربگرم...

بەڵام کاتێک گوێم لێیان ئەگرت گوێبیستی ئەم قسانە ئەبوم "ئەم ساڵت گرانە ئەبێت بخوێنیت" یان "ئەمساڵت ئاسانە هیچ نیە خێرا تێئەپەڕێت" و چەنەها قسەی جۆراو جۆر هەموان پێیان ئەوتم کە بخوێنم..بەڵام کەس پێی نائەوتم کە چۆن بخوێنم...

لەم قۆناغەدا هەمیشە ئارەزوم ئەکرد گوێرایەڵی ئەو کەسانەبم کە ئەم قۆناغەیان بە سەرکەوتویی و نمرەی بەرزەوە بەرێکردوە.

هەستم ئەکرد گەر وەک ئەوانبم سەرئەکەوم

هەڵەبوم چونکە هەرکەس شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە هەرکەس خاوەنی مێشکی جیاوازە بۆیە دۆزینەوەی شێوازی خوت گرنگترین هەنگاوە...


# بریار لە دەستی خۆتە:

ڕۆژ تێپەری و و من دەبێت بریار بدەم کە بچمە
خولێکی بەهێزبونەوە...

شەوێک پاڵکەوتم لەسەر جێگاکەم کەوتمە
بیرکردنەوە هەستی جیاوازم هەبوو...

هەستکردن بە پاڵەپەستویەکی زۆر
،گومرابوون،چەندین بیرۆکەی جیاواز تێکەڵببون
بە یەک.." من ئیستا چیبکەم چۆن بریاری ڕاست
بدەم؟!"

بە دەم بیرکردنەوەوە خەوم لێکەوت ڕۆژەکانم بەم
شێوەیە تێپەڕاند تا وردە وردە کەوتمە
بارودۆخێکی زۆر ناخۆش...




بەیانیەو ڕۆژ بۆیەوە هەستام لە

خەو لەناو ئەو دوودڵی و ڕاراییەدا

"من چیبکەم خوایە؟!"



هەستامەوەو خۆمگۆری و بریارمدا برۆم و نزیکترین خول بگرم لای ماڵمان...

کەوتمە رێ لە رێگادام بەڵام من هەر بیر لە قسەی کەسە سەرکەوتوەکان ئەکەمەوە کە چەندین مامۆستا و خولی جیاوازیان پێم وتبوو

کاتێک کە سەیری دیمەنەکەم کرد هیچ جوانیەکم نەبینی ، هەستم بەوەکرد کە ئیتر تەواو نابێت بەدوای جوانی و خۆشیەوەبم...

رۆشتمە بەر دەرگای خولەکە بە هەموو ورەیەکمەوە وتم "من ئەرۆم من سەرەکەوم لێرە"...

هەنگاومنا و کاتێک رۆشتمە ژورەوە.. چەندین قوتابیوەکو من کۆ ببونەوە.. قەڵەباڵغیەکی زۆربوو..

"لەنێو ئەو هەموو قوتابیەمن چیبکەم؟!"

کەمێک دانشتم و بیرمکردەوە پاشان لە خولەکێکدا بڕیارمدا کام وانەیەم ئەوێت لێوی بیگرم لە خولەکێکدا بڕیارمدا و ئەنجاممدا.

لە کتێبی ئاینی پۆلی ١٢ دێرێک هەیە ئەڵێت:**"مرۆڤی ئەرێنی کەسێکە لە کاتی پێویستدا توانای بڕیاردانی هەیە بە تایبەتی دوای بڕیاردان نابێت ڕارابێت"**.

ئەوەی لەسەر منیشبو ئەوەبو کە بە هیچ شێوەیەک دودڵ و ڕارا نەبم لەسەر کارەکانم.

ئەوەی لەسەرتە تەنها ئەوەیە متمانەت بە خوت هەبێت و بزانیت لە چ شێوازێکی وانە وتنەوە تێئەگەیت ئایە شێوازی مامۆستاکەت لەگەڵ تۆ ئەگونجێت؟!..

تەنها ئەوەندە کە گونجا و تێگەشتی ئیدی گرنگی بە قسەی کەس مەدە!!

خۆت باشتر خۆت ئەناسیت..

## متمانەت بەخۆت هەبێت:

هەرکە خولەکە دەستی پێکرد چەندین کەس پێمیان وت "بۆ ئەمەت کرد؟ ئەی بۆ وات نەکرد؟" بیرۆکەی جیاواز جیاواز...

یەکەم رۆژی خولەکەیە بە سترێسێکی زۆرەوە هەستام خۆم ئامادەکرد وتم"ئەبێت بەهێزبم"

هەنگاومنا و بەرەو خولەکە رۆشتم.. کەشەکە گەرمە.. مێشکم گەرمە.. هێندە بیرمکردۆتەوە ماندوو بومە...

کاتێک گەیشتم چومە پۆلەوە لەگەڵ چەندین قوتابی هاوشێوەی خۆم هەموو وانەکانمکرد چەندین ئامۆژگاری کراین.. یەکێک لەم ئامۆژگاریانە ئامۆژگاری مامۆستایەکم بوو..

کە زۆر سەرسام بووم بە وتەکانی...

هەر لە یەکەم رۆژەوە زۆر وتەی جوانی پێشکەشکردین یەکێک لە وتەکانی:

**"بێزاربوون تەنها وشەیەکە کە تیایدا مرۆڤەکان لاسایی یەک ئەکەنەوە تۆ کەسێک ئەبینی ئەڵێت بێزاربووم ئەڵێیت ئەو بێزاربوو کەواتە منیش بێزارم لە ئێستاوە وشەی بێزاری و بێتاقەتی بەکار مەهێنن بۆ ئەوەی چارەنوستان وەک دواکەوتوەکان نەبێت".**

بۆیە هەر لە سەرەتاوە بریارمدا وشەی بێزاربووم لە خەیاڵم دەربێنم چونکە ناکرێت بە داهاتوت بڵێیت من بێزاربوم و تاقەتم نەما و هەنگاوت بۆ نانێم...

وە بوشم دەرکەوت کە وانەکان هێندە قورسنین وەک ئەوەی کە باسئەکران ئێمە لە سەرەتایت و هێزێکی زۆرمان هەیە وردە وردە شتێکم بەدەست هێنا بە ناوی



**"متمانە بە خۆبوون"**



تێگەیشتم کە نابێت تەنها شوێنی هەنگاوەکانی کەسانیتر بکەوین بەڵکو پێویستە شوێن پێیەک بۆ خۆمان دروستبکەین و هەنگاوبنێین

**بزانین** ئێمە کێین؟!..

چ شێوازێک لەگەل ئێمە ئەگونجێت؟!..

کە وەڵامی ئەم پرسیارانەت دۆزیەوە متمانە بەخۆبون بە دەست ئەهێنیت بەڵام ئێشتا ئەمە تەواوی هێزمی کۆنەکردەوە ئەمە بەشێکە لە هەنگاونان بۆ سەرکەوتن..

بۆیە متمانەت بە خوت هەبێت و بەو کارەی کە کردوتە و هەنگاوبنێ و گوێ بۆ قسەی کەس مەگرە کە ئەیانەوێ دوو دڵت بکەن و پەشیمانت بکەنەوە...

**"متمانەی خۆت گرنگترینە"**

# پشت بە خودا ببەستە:

هەندێک لە رۆژەکان تێپەربوون، وردە وردە خەریکی خوێندنم زۆربەی کاتەکانم ئەدەم بەو وانانەی لە لام قورسن و کاتی ئەوێت تا زەبتیان بکەم...

مامۆستاکەم وتبوی" **چەند زیاتر شیکار بکەیت و پێداچونەوە بکەیت هێندە زیاتر لێهاتو ئەبیت**"

دەستم پێکردو ئەو وانانەی بۆ لەبەرکردنبوون ئەمخوێندو ئەمخوێندەوە تا لەبەرم ئەکرد و ئەو وانانەی شیکارکردنبوون هەموو راهێنانەکانیم شیکار ئەکرد.

وام هەست ئەکرد وانەکان بەرەو قورسبوون ئەرۆن وە من بە شێوەیەکی جوان ناتوانم کۆنترۆڵینان بکەم ..کاتی خوێندنەکانم زۆرترکرد بەڵام بە شێوەیەکی دروست نائەخەوتم و نەمئەخوێند..

رۆژانی پشوو هەوڵم ئەدا ئەو وانانەی لێم ڕۆشتبو زەبتی بکەم ..

متمانە بەخۆبونم لاوازبوو شتەکانم لەلا قورسبوو.

شەوێک رووم لە خودا کرد..



**"خودایە من بەندەیەکی**

**لاوازم و تۆ بەهێزیت**

**و میهرەبانیت خۆت هێز**

**بدە بەم بەندە لاوازەت**

**خودایە تەنها پشت بە تۆ ئەبەستم"**

بەڵێهــ سەرچاوەی هێزو توانات با تەنها خودا بێت چونکە لە هەموو کات و شوێنێک ئەتوانی لە دەرگای بدەیت..خودات لە پشتبێت هیچت پێویست نابێت .

رووو لە خودا بکە هاورێ، نوێژەکانت بکە ، لە جێی مێوزیک گوێ لە قورعان بگرە ئارامکەرەوەی روح و دڵ و مێشکتە.

بە رادەیەکی زۆر بپارێوەو دوعا بکە

ئەوەی لە دڵتدایە بە هیچ کەسێکی مەڵێ جگە لە خودا گیان..

"خودات لەگەڵ نەبێ سەرناکەویت سەرناکەویت"



## توره مەبە! و هێندە دڵنیا مەبە! :

ماوەیەکی بەسەرچوەو چەند حەفتەیەک دەوامم کردوە ئێستا زۆر دڵنیام لە خۆم تەنانەت هەنێک کات وا بیرمئەکردەوە کە خۆم ڕاستم و ماموستاکانم هەڵەن.

ڕۆژێک لەم گەرمای هاوینە روشتم بەرەو خولەکە تاقیکردنەوەم هەبوو.هەستم ئەکرد کە زۆر باشم خوێندوەو دڵنیام کە نمرەی ١٠٠ ئەهێنم..

بەڵام کاتێک ڕۆشتمە تاقیکردنەوە وەڵامی هەندێک پرسیارم نە ئەزانی ئەموت من ڕاستم و پرسیارەکان هەڵە دانراون..زۆر تورەبووم ..



لەبەر تورەبون نەمتوانی وەلامی

زور پرسیار بدەمەوە بە تورەییەوە

وەڵامەکانم دایە مامۆستاو چومە دەرەوە

که دەرچوم تورەیی بە روخسارمەوە دیاربو
هاورێیەکم هاتە لام رێک بێی وتم بۆ وا
تورەیت؟!

وتم ماموستا پرسیاری هەڵەی هێناوەتەوە بەوەش
ئەیەوێت ئاستی من دەرکەوێت !!ئەخر بە
پرساری هەڵە!

تورەییم دانەمرکایەوەو چومە وانەکانیترەوە

لە ئەنجامدا وەنەکانیتریش نەچوە مێشکمەوە..

گەرامەوە ماڵ زۆر ماندوو بوم هیچ رۆژێک
هێندە ماندوو نەببوم. .

بەردەوام بیرم ئەکردەوەو ئەموت بەڵام ئەوە
هەڵەبوو!...

ئەزانم ئێستا ئەڵێیت بۆچی هێندە گەورەت
کردۆتەوە خو ئەو نمرەیە هەژمار ناکرێت !

چونکە من لە ئێستاوە ئاستی خۆمم دیاری ئەکرد کەر ئاستم دابەزیایە بەخۆمدا ئەچومەوەو بۆ ئەوەی کارەکان لە سەرەتاوە لەژێر کۆنترۆڵمبێت.

تێگەشتیت هاورێ؟! دەی ئێستا با بەردەوامبین

ئەو رۆژە هیچ بەباشی نەمتوانی بخوێنم زۆر بە نارەحەتی خەوتم...

بۆ بەیانی بە مێشکێکی ئارام رۆشتم بۆ خول،

رۆشتمە دەرسەوەو پرسیارم لە ماموستاکرد:**"ئەو پرسیارەی دوێنێ چۆن شیکار ئەکرا؟!"**

ماموستا بۆمی شیکارکرد زۆر ئاسان و راستبوو تەنها من کەمێک بە هەڵە تێگەشتبووم.

بۆم دەرکەوت کە نابێت بە هەموو شت بڵێیت من راستم بێگومان ماموستایەک لە قوتابیەک باشترە کە یەکەمجاریەتی ئەو کتێبە ئەبینیت...

مافی پرسیارکردن بدە بە خۆت تەنانەت ئەگەر دڵنیاش بویت لە خۆت..باشە؟!



بۆم دەرکەوت کە تورەبون وا ئەکات مێشک لە کار بوەستێت ، توانای بیرکردنەوەت لێئەسەنێتەوە بۆیە دوربە لە تورەبون و دوربە لە هەموو شتێک کە تورەت ئەکەت و پاڵنەری تورەییە.

# بێزار مەبە! و ساردمەبەوە!:

رۆژ تێپەری لە هەوڵدان بووم و زۆر بە جوانی
ئەمخوێند پاش ماوەیەک هەستێکی نامۆم بو
دروست بو کاتێک بەیانیان ئەمویست هەستم
نەمئەتوانی کاتێک ئەمویست بخوێنم ئەموت دەی
ئەم تۆزەش ئیسراحەت ئەکەم.

"ئایە ئەمەیە ساردبونەوە و بیزاربوون؟!"



مێشکم ماندوو ئەبوو

ئەموت نابێت وابم دوایی شکستدێنم

بەڵام چیم ئەکرد بێ سودبوو

نەمئەتوانی بخوێنم..

رۆژێک بە ماندویەتیەوە هەستام و

رۆشتم بەرەو خولەکە چومە وانەوە هەموان
دانشتبوین ئەوەی جێی سەرنجبو ئەوەبو تەنها من
ساردنەبومەوە لە خوێندن



ئەو هەستە لە روخساری هەموان بەدیئەکرا

کەمێک ئاسودەبووم کە تەنها نەبووم بەڵام تێناگەم ئاخۆ ئەم ئاسودەییە زیانم پێناگەیەنیت؟!

لەم بیرکردنەوەیەدابوم ماموستا هاتە ژورەوە هەر لەگەڵ هاتنە ژورەوەی راستەوخۆ هەستی بە بێزاریمانکرد بۆیە هەستا بە ئامۆژگاریکردنمان

ئامۆژگاریەکانی ئەو زور جیاوازبون هەمیشە وتەکانی ئەو منی هانئەدا و پرمی ئەکردەوە لە وزە...

ئەوکات چەن وتەیەکی زور جوانی وت :

"قوتابییەکان ئەبینم بێزاربوون چیبووە؟ هەر وا زوو هیلاکبوون؟ توانای ئێوە هەر ئەوەندەبوو؟!

ئیتر ئەلێن تەواو تاقەتمان نەما؟!! زۆر سەیرە ئێوە تەنها یەکساڵ ئامادە نین بخوێنن؟!بۆ ئەوەی خۆتان و خێزانەکانتان سەربەرز بکەن؟! باشە ئێوە هەرگیز گوێتان لێبوە دایکتان بڵێت

بێزاربوم ئیتر ئیش ناکەم خواردن دروست ناکەم
لە کاتێکدا ئەو نەک ساڵێک چەندین ساڵە ئەو
کارە ئەکات بەڵام بەردەوەمەو بۆ تۆ ئەیکات.

ئەی ئێوە هەرگیز گوێتان لێبوە باوکتان بڵێت
تەواو بێزاربووم ئیتر ئیش ناکەم.نا!! بۆ ئەوەی
تۆ بژێنێت ئەیکات دەی تۆ تەنها یەک ساڵ
ناتوانیت بخوێنیت؟!بۆیی پاداشتیان بدەیتەوە!

هیچ مەکە هیچ کارێک مەکە تەنها بخوێنە!

ئەوان تەنها ئەوەیان لە تۆ ئەویت..

دەی تۆش بۆیان بکە...

مەڵێ بێزاربووم تەنها بە یەک ساڵ پاداشتیان
بدەوە با ئاسودە بن..

ئەمە بۆ ئەوان نیە ئەمە بۆ خۆتە خوت
بروانامەو داهاتوی پێ بەدەست ئەهێنیت ئەوان
تەنها دڵخۆش ئەبن و شانازی بە تۆوە ئەکەن".



وتەکانی زور کاریان لێمکرد پر قورکم ببو لە گریان چاوەکانم پربوون، تەواو بەخومدا چومەوە

بریارمدا دەستپێبکتمەوە...

رویشتمەوە ماڵ کتێبەکانم دەرکرد و زۆر بە پەرۆشیەوە دەستم کردەوە بە خوێندن ..

لەگەڵمیت هاورێ؟! گەر دایک و باوکت ماوە بخوینە بۆ سەربەرزی خۆت و ئەوان و من ببورە گەر دایکت یان باوکت لەدەست دابێت دلنیابە لەو دونیاش هەر پێت سەربەرز ئەبن بۆیە زیاتر بخوێنە لەبەر خاتریان باش؟!...

بەڵێهــ بۆ سەربەرزی خۆت و خێزانت و ماموستاکانت بۆ خەندەی خۆت و سەر لێوی هەموان بۆ داهاتویەکی خۆش و دڵخۆشکەر

بۆ شکاندنی قسەی ئەم کەسانەی پێت ئەڵین "ناتوانیت" بخوێنە !! دواتر خۆت ئەبینیت کە چۆن هەموان شانازیت پێوە ئەکەن..

# خۆت بناسێنە بە ماموستاکانت:

لە رێگەم رێگای ئەم قۆناغەی ژیانم...

گەشتمە قۆناغێک کە هەستم بە دوبارەبونەوەی رۆتینی رۆژەکانم ئەکرد هەموو رۆژ یەک شت بە بێ هیچ یادگاریەکی خۆش.

لە ناو دەرس بۆ ناو خوێندن لە ناو خوێندنەوە بۆ ناو دەرس تەنها ماندوو ئەبووم..

رۆژێک دانشتم و بیرم کردەوە...

**"چۆن ئەم کەشە بۆخۆم خۆش بکەم؟چۆن چێژ بەخشی بکەم؟!**

وتم بۆچی خۆم نەکەم بە هاورێی ماموستاکانم؟!




بیرۆکەیەکی باشبوو

بریارمدا ئیدی خۆم بخەمە

بەرچاوی ماموستەکانم ..



بەڵام بە قسەکردنی زۆر نا! بە پرسیارکردنی بێ مانا نا! بەڵکو بە گوێرایەڵی و خوێندنێکی باش و بەدەستهێنانی نمرەی بەرزو وەڵامدانەوەێ هەر پرسیارێک کە ماموستا ئەیکات بێ دودڵی....تا وایلێهات ماموستاکان ئاشنابوون پێم زۆریش خۆشیان ویستم هەر رۆژێک کە تێمئەپەراند چێژێکی تایبەتی هەبوو بۆم ..

هەر وانەیەکم بە ورەیەکی بەرزو حەماسێکی زۆرەوە ئەخوێند تەنانەت کتێبەکانیشم لەلا جوانبو

ماموستاکانم وەک چۆن منیان خوشئەویست هەر بەو شێوەیەش بەردەوام ورەمیان بەرزئەکردەوە..

بەردەوام بە خۆمم ئەوت **"دانیە پاداشتی ئەوان لە تۆوە تەنها ئەوەیە کە سەریان بەرز بکەیت".**

ئەوان هاندەرو پاڵنەرمبوون بۆ سەرکەوتن..



ئێستا جوان گوێ بگرە لێم داواتلێئەکەم "خۆت مەکە بەر چاو بە شێوەیەک ئیرەییت پیببەن و رقیان لێت بێت ئەوەی خۆت فێریبویت چواردەورەکەشت فێربکە گەر پرسیان لێت!

خۆپەرست مەبە خۆشەویستبە لەلای ماموستاو قوتابیەکان و هەموو ئەوانەی لە چواردەورتن سوود بگەیەنە!...

بۆ ئەوەی هەنگاوە قورسەکانت بە خۆشی و ئاسودەییەوە بنێیت".

(من ئێستا زور ماندووم ئەرۆم ئەخەوم ئاگاداری خۆتبە و باش وانەکانت بخوێنەو بە باشی بخەوە

بیرت نەچێت خودا لەگەڵتە و پاشان من لەگەڵتم..)



## رۆژانە بخوێنە:

بەردەوامبووم لەسەر خوێندن و خولەکە بەڵام وردە وردە وانەکان زۆربوون وگران بوون منیش جەدوەلێکی باشم نەبوو بۆ خوێندن.

بۆیە هەندێک لە وانەکان و ئەرکی رۆژانەم فەرامۆشکرد سەرەرای ئەوەی شەوان تا درەنگ ئەمخوێند بەڵام پێرانەئەگەشتم، لە کاتی تاقیکردنەوە زۆر بۆم قورس ئەبوو، زۆر نارەحەتبووم بەم شتە هەستمکرد ئەو هەوڵەی ئەیدەم بە فیرۆ ئەروات.

رۆژێک بەرەو خولەکە رۆشتم چومە وانەوەو لە نێو قوتابیەکان دانیشتم وەک جاری پێشوو ئەو نارەحەتی و فەرامۆشکردنە تەنها من نەبوم و لە هەموان بەدیئەکرا..

کاتێک ماموستا هاتە ژورەوە هەمومان وەک چەن ڕۆژە پەراوەکانمان دەرکرد..

لە پاشکەمێک وتنەوەی وانە ماموستا هەستی کرد کە بەژداری ناکەین و هەموان بێدەنگین،

کەمێک وەستاو سەیری کردین..

وتی "**بۆچی بەژداری ناکەن؟!**"


ئێمە وەڵامێکمان لا نەبوو بەڵام ماموستا تێگەیشت کە ئێمە وانەو خوێندنی ڕۆژانە فەراموش ئەکەین وتی "**قوتابییەکان ئێوە تێئەگەن لە وانە وتنەوەی ماموستاکانتان**"

وتمان "**بەڵێ بێگومان**" وتی "**باشە لە سەدا چەن تێئەگەن؟**"

وتمان 100%..

وتی **"زۆر باشە ئایە ئێوە ئەزانن کاتێک ئەرۆنەوە بۆ ماڵ ئەوا زانیاریەکان لە مێشکتان ئەبێت بە ٩٠% ئەی ئەزانن ئەگەر بەو وانەیە نەچنەوە کە ئەو رۆژە وەرتانگرتوە و نەیخوێنن پاش رۆژێک ئەبێتە ٦٠% و پاش حەفتەیەک ئەبێتە ٢٠%و هیچ سودێک نابینن بەم شێوەیە؟!"**

دوای تەواوبونی وانە خەریکی بیر کردنەوە لە قسەکانی ماموستا بووم و بەرەو ماڵ بەرێکەوتم ...کە گەشتمەوە پشویەکمداو بریارمدا بەخومدا بچمەوە بەڵام چون بتوانم بەو هەموو وانەیە بگەم؟!



هەستام بە شوێنی خشتەیەک گەرام بۆ خوێندنی رۆژانەم...



خشتەیەکم دۆزیەوەکە تیایدا پێویستبوو شەوان زوو بخەویت و بەیانیان زوو هەڵسیت.

بریارمدا کە ئیدی پەیرەوی بکەم پاش ماوەیەک هەستم بەوە ئەکرد کە زۆر باش وانەکانم ئەخوێنم و فریایان ئەکەوم ، بەیانیان بە مێشکێکی ساف و ئارامەوە زور باش خوێندنم پێ ئەکرا و ئەمەش کاتێکی زۆری بۆم ئەگەراندەوە، خوێندنی تاقیکردنەوەکان و خوێندنی رۆژانەشم زۆر بەباشی ئەکرد ..

بەڵێهـــ ئەمە هەنگاوێکی گەورەی سەرکەوتنە هاورێ! بویە گەر تا ێئستا لە هەر قۆتاغێکی پۆلی شەشیت و دەست پێنەکردوە بە پێی خشتەیەکی باش و گرنگی بە خوێندنی رۆژانە نادەیت ئەوا لە ئێستاوە دەستپێبکە باش؟! ئەوە گرنگترین هەنگاوتە...



# به وانەکاندا بچۆرەوە:

رۆژ بە رۆژ بە شێوەیەکی باشتر بەردەوامبوم لە خوێندن.

خوێندنی رۆژانە، تاقیکردنەوە، کاتی خەو و خوێندنم زور باشبون بە شێوەیەک کە خوێندن لەلام خۆشببو.

تا وایلێهات ئەگەشتینە نیوەی کتێبەکە هەستم ئەکرد کە سەرەتای کتێبەکەم بیرئەچێتەوە..

شەوێک دانشتم و بیرمکردەوە...

**"من هەموو وانەکانم بیرئەچێتەوەئەی کەواتە بو خوێندم"**


لەم بیرکردنەوانەدا مامەوە و تا خەو بردمیەوە

بەیانی بۆیەوەو بە بێ تاقەتیەوە بەرەو خولەکە روشتم وەک بڵێیت ئەو زانیاریانەی کۆمکردبونەوە یەک یەک لێم ئەکەوتن..



ئەو رۆژە چومە پۆلەوە و چاوەرێی مامۆستابوین
ماموستاکەم شارەزاییەکی باشی هەبو لە سەر
پولی ١٢ هاتە پۆلەوەو  هەندێک لە وانەکەی
باسکرد لە ناوەراستی وانە بەر لەوەی دەست بە
باسکردنی بابەتێکی نویَ بکات تەختەکەی
پرکردبۆیەوەو  تەختەسرەکە لە دەستی منبوو
منیش تەواو خەیاڵم رۆشتبو بۆلای ئەوەی کە
ئەوەی ئێستا ماموستا ئەیڵێت دواتر  ئەویشم بیر
ئەچێتەوە ماموستا سیرمی کرد کە تەختەسرەکەم
بە دەسەوە بوو بە دەستی ئاماژەی سرینی تەختەی
بۆ کردم  منیش زۆر بە سەیری سێریم کردو بە
دەستم ئاماژەی هەلاوم بۆی کرد هههههه ماموستا
وتی "**کچیَ ئەڵێم تەختەسڕ، تەختەسڕم ئەوێت
هههههه**" خێرا تەختەسرەکەم داپێی زور پێکەنین
دواتر وتم"**ماموستا بوم هەیە پرسیارێک بکەم؟**"
ماموستا سیریکردم و وتی" **بەڵیَ بێگومان**"






وتم **"ماموستا هەموو**

**ئەوانەی ئەیخوێنین**

**هەستەکەم بیرم ئەچێتەوە**

**ئێستا وانەکانی سەرەتام**

**هیچ بیر نەماوە چارەسەری ئەمە چیە؟!"**

ماموستاکەم تەختەسڕەکەی داناو وتی **"کاتی برگەی ئامۆژگاریە قوتابیەکان...زۆربەتان لەم کاتانەدا توشی دودڵی ئەبن و ئەڵێن وانەو بابەتەکانمان بیر ئەچێتەوە با من شتێکتان بۆ باس بکەم... ئەنشتاین هەستا بە دانانی کتێبێکی فیزیا کتێبەکە کتێبی خوی بوو پاش ساڵێک لە دانانی پێیان وت کە تاقیکردنەوە بکات لەو کتێبەدا...**

**پاش ئەوەی ئەنشتاین چوە تاقیکردنەوەوە نەیتوانی لە تاقیکردنەوە دەربچێت و کەوت..**

**وتیان تو داهێنەری ئەو کتێبەیت چۆن کەوتیت؟!**



**له وەڵامدا وتی: مێشکی مرۆڤ تەنها بە پێداچونەوە شتی لەبیرئەمێنیت تەنانەت ئەگەر لە داهێنانی خوشیدا بێت ..**

**بویە زۆر بە بابەتەکاندا بچنەوە..."**

لە دوای ئەم قسانەی ماموستاوە دوودڵیم نەما بە هێزێکی زۆرتر دەستم بە خوێندن کردەوە...

چونکە ئەوە یەکەمجارمبوو کە ئەم کتێبانە بخوێنم لە کاتێکدا چەندین جاریتر لە بەردەممدا بوو کە بەو کتێبانەدا بچمەوە.. کاتی قوتابخانە، کاتی دانشتن.. جکە لە تاقیکردنەوە بەردەوامەکانیش.

هاورێ تۆش بە بێ دودڵی بخوێنە ئەوەی ئێستا پێتئەدرێت بە جوانی بیخوێنە ئەوەی لەسەرتە بیکە و ئەویدی بدە دەست خودا.



# قەلەق بە! و بترسە!:

لەم روژانەدا بەردەوام ئەمخوێند و بە ورەو
چالاکی و خشتەیەکی باشەوە .

بەڵام بەردەوام شتێک لە دڵمدا بوو کە
بیرکردنەوەی ناخوشی ئەهێنا بە مێشکمدا

ئەویش: **ترسێکبو، قەلەقیەکبوو، دوودڵیەکبوو...**

هەردەم پێمیان ئەوت **"بۆ وایت؟!"**

**"پێویست ناکات وابیت"**

بەڵام بە ویستی خوم نەبوو بیرم ئەکردەوە ئەگەر
من شکستم هێنا ئەگەر لە رێگاکەمدا کەوتم ئەگەر
سەرنەکەوتم**!!**..

بەڵام وتم کە ئەبێت دەستبەرداری ئەم ترسەبم
بۆیە لەبیر خۆمم بردەوە ..



رۆژانی خۆمم بەسەر ئەبرد بە خوێندن تا هەستم بەوەکرد کە زۆر ساردەوەبووم، هیچ ترسێکم نەبوو،نەمئەخوێند،

چەن جارێک لە تاقیکردنەوەکانم نمرەی کەمم هێنا...

زۆر بێتاقتبووم و تاقەتم لە خوێندن نەما ..



ئینجا بۆم دەرکەوت

کە ئەو ترس و قەلەقیە

ئەتوانێت بتکاتە سەر

ڕێگای سەرکەوتن.. **"چۆن؟!"**..

بەوەی لە شکست بترسیت لە پێناودا هەوڵبدەیت بۆ سەرکەوتن.

بەوەی قەلەقی داهاتویەکی باشبیت لە پێناودا هەوڵبدەیت بۆ سەرکەوتن.



دلنیام تۆش ترس و قەلەقیت هەیە گەر خەمی
داهاتوت بێت.. گوێبگرە ئەو ترس م قەلەقیەت
مەکە بە دێوەزمەیەک کە رێگری هەوڵدان و
سەرکەوتنتبێت! بەڵکو ئەو ترسە بکە بە
رێگایەک و ئەو قەلەقیە بکە بە سەرچاوەیەک بۆ
سەرکەوتنت.

# بەردەوام تاقیکردنەوە بکە:

خوێندنی ڕۆژانەم بە بەردەوانی ئەکرد هەرچەند سەخت بوایە ئەموت من بەهێزترم لەوەی بڵێم ئەمە سەختە..

تا ئیدی هەموو ڕۆژێک تاقیکردنەوەمان هەبوو فریاکەوتن سەخت بوو...

بەڵام هەمیشە تا هەموو وانەکانم نەخوێندایە و وانەی تاقیکردنەوەکەم تەواو نەکردایە وازم لە خوێندن نائەهێنا..



تاقیکردنەوە گرنگترین بەشە

هەرچەند ماموستا بیوتایە

تاقیکردنەوەتان ئەکەم

نکۆلیم لێی نائەکرد

هەندێ کات تاکە کەسبووم کە نکۆلی لێنەکەم ..

خۆم زۆر ماندو ئەکرد پێپمیان ئەوت وا مەکە دواتر هێزو توانات نامێنێت بۆ کۆتاییەکان...

بەڵام من بە خۆمم ئەوت:

**"خوێندنی ئێستام ئاسانکردنەوەی خوێندنی کۆتاییەکانمە"**.

بویە دەستبەردار نەبوم..

هەرچەندە لە رۆژانە بخوێنیت بەڵام بو تاقیکردنەوە نەخوێنیت بیرت ئەچێتوە و بە پێچەوانەوەش راستە..خوێندنی رۆژانەو تاقیکردنەوە تەواوکەری یەکدین.

بویە تۆش گرنگی بە تاقیکردنەوەکانت بدە**!**..

بە خاڵێکی گەورەی دابنێ بۆ سەرکەوتن.



## با ئامانجت هەبێت و شاراوەشبێت!:

من هیچ ئامانجێکم نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کە نمرەیەکی بەرز بێنم.

ئەمویست منیش وەک هەموان ئامانجێکم هەبێت..

رۆژێک لە وانەیا بوم ماموستاکەم وانەی ئەوتەوە

هاتە باسی سەرکەوتن تا باسی منالّەکانی خوی بۆ کردین کە سێ کچی هەبوو هەرسێکیان سەرکەوتنی زور باشیان بەدەست هێنابوو

من شتێکم لە چاوەکانی ماموستاکەم بەدیکرد کاتێک باسی منالّەکانی ئەکرد ئەویش شانازیکردنبوو، دیاربوو کە چەند سەربەرزە پێیان..ئەوە زور سەرنجمی راکێشا زۆر دیمەنێکی جوانبوو لام...

کە وانە تەواوبوو هەموو قوتابیان بانگێشتکراین لەلایەن بەرێوبەرەوە...



کۆبوینەوە و پێی ڕاگەیاندین کە ئاهەنگێک ڕێک ئەخات بۆ ئەو قوتابیانەی کە نمرەی بەرزیان هێناوە لە ساڵی پێش ئێمەدا ئێمەش ئەو ڕۆژە ئەکەین بە ئاهەنگ...

ڕۆژ تێپەری و ڕۆژی ئاهەنگەکە هات بە شێوەیەکی جوان خۆم ئامادەکرد و بەرەو خولەکە روشتم...

هەموو قوتابیە سەرکەوتوەکانی ساڵی پێشو ئامادە بون لێوێ کاتێک لەوانم ئەروانی خۆزگەم بە شوێنیان ئەخواست، دڵخۆشی و شانازیکردن و سەربەرزی لە چاوەکانیان ئەبریسکایەوە پێشوازی تایبەتیان لێئەکرا بەڵێهــ بەراستی لە دڵەوە خۆزگەم ئەخواست بۆ چرکەیەکیش بێت برۆمە شوێنیان...

کاتێک بانگێشت ئەکران بو خەڵاتی ڕێزلینان بە سەربەرزیەوە ئامۆژگاریمانیان ئەکرد،



که چۆن توانیویانه سەر بکەون وچۆن ئێمەش سەربکەوین،هەموو قوتابیەکان وەستابون و گوێیان ئەگرت کاتێک ئەو دیمەنەم بینی

ئامانجێکم بۆ خۆم دانا ئەویش ئەوەبوو سەربکەوم و بەو شێوەیە قوتابیانی دوای خۆم ئاموژگاری بکەم و سوود بە قوتابیانی دوای خۆم بگەیەنم..

چونکە گەر سەرکەوتو نەبم کەس گوێم بۆ ناگریت..

لەو خولەکەدا بیرم لە شانازی ماموستاکەم ئەکردەوە بە منالەکانی، بیرم لە شانازی قوتابیەکان ئەکردەوە بە خویانەوە و بریارمدا سەری خوم و خێزانەکەم بەرز بکەم و ئەوەم کرد بە ئامانج...



ئامانج تەنها ئەوە نیە دایبنێیت و فەرامۆشی بکەیت..

نا لە قوڵایی دڵتەوە داینێ بە شێوەیەک نەتوانی هەوڵی بۆ نەدەیت.لە پاش دانانی ئامانج پێویستە لەسەرت هەنگاوی بۆ بنێیت.

گوێیەکانت بێنە پێشەوە با نهێنیەکت پێبڵێم..

لە راستیدا ئامانجێکی دیاریکراوم هەیە واتا بەشێکم دیاری کردوە لە هزرم بەڵام بە تۆش ناڵێم

چیبو کەوتیتە مەراقەوە بیزانیت!..

لە کۆتایی چیرۆکەکەمدا ئەیزانیت

چونکە ئامانج ئەبێت

بە نهێنی بمێنێتەوە تەنها لە

نێوان خۆت و خودادا..

تۆش نهێنیەکەی خۆت بپارێزە!.



# هەوڵبدە!وازمەهێنە تا کۆتا خولەک:

وانەکان گەشتنە کۆتایی و خولەکە بەرەو تەواوبون ئەچوو نزیک بوین لە کردنەوەی قوتابخانە زوربەمان ئەمانوت با پشویەک بدەین بەر لە کردنەوەی قوتابخانە بە نیازی ئەوەی کە قوتابخانە کرایەوە پڕ هێزبینەوەو دەستپیبکەینەوە بۆیە زورێکمان وازمان لە خوێندنێکی باش هێناو دەستمانکرد بە پشودان...

روژێک لە وانە دانشتبوین و گوێمان لە ماموستا ئەگرت وانەی ئەوتەوە..

لەپڕ سێریکردین و زور تورەبوو دیاربو کە هەستی بەوە کردبوو وازمان لە خوێندن هێناوە بەنیەتی پشودان...



وتی"**ئەتوانم بزانم چی رویداوە؟!!...بۆچی وازتان هێناوە؟! ماندوو بونە؟! پشوو ئەدەن؟!**

**باشە ئێوە ئەزانن کە ئێستا گەشتونەتە کۆتایی کتێبەکە و نایخوێنن و کاتێک ئەرۆنە مەکتەب بە هەمان شێوە کە ئەگەنە کۆتاییەکان نایخوێنن چونکە ئەوکات ئەکەونە نێو بەهارەوە سەفرەو دەرچونتان ئەبێت و فەرامۆشی ئەکەن چونکە پێشتریش نەتانخوێندوە لاتان قورس ئەبێت**

**کەواتە کەی ئەیخوێنن؟!..**

**تاقیکردنەوەی کوتایی تەنها لە سەرەتای کتێبەکان ئەکەن؟!! کوتایی کتێبەکەی تیا نیە؟!..**

**بە خوتانا بچنەوە با شکست نەهێنن!!.."**

لە دوای قسەکانی ماموستا سەرمان داخست و بێدەنگ بوین ...کە گەرامەوە وازم لە پشودان هێنا چونکە تێگەشتم تەنها کات بە فیرودانە و کاتیش بو من زۆر گرنگە ... خوم کۆکردەوە و



کەوتمەوە خوێندن وتم**"زۆرم نەماوە بۆ کۆتایی خولەکە و کاتی دەوامیش بە هێزێکی زیاتر دەست پێئەکەمەوە "...**

توش هەرگیز واز مەهێنەو سارد مەبەوە گەر سارد بویتەوە با ساردبونەوەت کاتی بێت زوو چارەسەری بکە...

**(**ئێستا کاتی رۆشتنی منە، دڵنیابە جیتناهێڵم تا کۆتا، خۆشی و ناخۆشیەکان پێکەوە بەش ئەکەین ،بۆیە ئێستا ماڵئاوایيت لێناکەم بەڵام تا کاتی کردنەوەی قوتابخانە ئەرۆم ،ئەوکات ئەگەڕێمەوە لات تا ئەوکات ئاگاداری خوتبە..

بەڵێنم پێبدە بەهێزبیت و باشبیت..

گرنگی بە خۆت و وانەکانت بدەیت..

بزەیەک بکە**!**

ئێستا ئەتوانم بە ئاسودەیی جێتبهێڵم..

ئامانەتی خودات ئەکەم..**)**



# هیوای بەختێکی

# باشت بۆ ئەخوازم

...



# بەشی دووەم:



سڵاو.. من هاتمەوە..

منت لە بیرە؟!..

منم دانیە هاورێکەت..

پێم وتبوی کە جێتناهێڵم!..

هاتمەوە تا رێگاکەمان تەواوکەین..

پێش هەموو شتێک داوایەکم لێت هەیە..

رێگایەکی نوێ دەستپێئەکەین

پێویستە بەهێزێکی زیاتر دەستپێبکەیتەوە!

باشە!..

**با دەستپێبکەین!..**



له رێگادام بەرەو قوتابخانە، بەڵێهـ یەکەم رۆژی قوتابخانەیە پۆشاکی فەرمیم لەبەرکردوە، بە پەرۆشیەوە هەنگاو ئەنێم ، سترێسێکی زۆرم لەسەرە ئاخۆ ئەبێت چۆن بروات ئەم ساڵم

ماموستاکانم چۆن بن !، لە رێگادابووم و بیرم لەم شتانە ئەکردەوە...

که گەشتمە قوتابخانە وام پێشبینی ئەکرد کە ئیدی من لە ماموستاکان باشتر ئەزانم، چونکە لە خول وانەکانم خوێندوە..

بانگێشتیان کردین بۆ پۆل..

**"دەی ئێوە پۆلی شەشن،ئەبێت**

**دەست بە وانە بکەین،جەدوەل**

**وەرگرن، ئەرکی ماڵەوە،**

**ماموستای جیاواز"..**

شپرزەییەکی زۆر بوو ،تا ئێستا بە شیوەیەکی زۆر هێمن ئەمخوێند، ئێستا بۆ وایە!..

وتم"**باشە وایە من پۆلی ١٢م ئەمە یاری نیە بێگومان وا ئەبێت "..**

هاتمەوە ماڵ هێندە ماندووبوم وەک بڵێی لە بەیانی زووەوە خەریکی کارکردن بوبم، کەمێک پشوومدا و خەوتم ..

هەستامەوە خشتەیەکی رۆژانەم دانا بەم شێوازە:

بیرکاری ٣:٠٠ بۆ ٤:٠٠

کوردی ٤:٠٥ بۆ ٤:٣٠

هتد....

هەر وانەیەک و کاتی تایبەت بە خۆی بە پێی ئەرکەکەی، پاشان هەموویم لەکاتی خۆی خوێند و زۆر بەشیم لە خولەکە خوێندبوو پیایچومەوە و لە نێوان وانەکان ٥ بۆ ١٥ خولەک پشوم ئەدا...



وانەکانم تەواوکرد و کەمێک پشومدا، پاشان جەدوەلم ئامادەکرد بۆ بەیانی و کاتژمێر ١١:٠٠ چوومە ناو جێگاوەو خەوتم...

بەڵێهــ هاورێ ئاساییبە! خۆت بگونجێنە! دۆخەکە چۆنبوو بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکە!.



# گوێرایەڵبە!:

ئێستا سەرەتای قوتابخانەیە، ڕۆژانە بە پەرۆشیەوە هەڵەسم و خۆم ئامادە ئەکەم و ئەرۆمە قوتابخانە و لە وانەکان ئامادە ئەبم...

سەرەتاکان باشبوم بەڵام پاش تێپەرینی چەند ڕۆژێک زۆر نا ئاسودەبووم هەستم ئەکرد ماموستاکانم باش نین و من لەوان باشتر ئەزانم وانە بڵێمەوە !..

لە کاتی وانەدا وامئەزانی بەقەد پرۆفیسۆرێک زانیاریم پێیە و بیزاریم دەرئەبری...

کە ئەگەرامەوە ماڵ لە وانەکان کێشەم بۆ خۆم ددروست ئەکرد ، و هەستم ئەکرد شێوازی وانە وتنەوەی ماموستاکانم تێکەڵ ئەکەم نەمئەزانی لەسەر چی برۆم و چۆن بخوێنم...



چاوەرێی سەر حەفتەمکرد تا هەینی هات و دەوامم نەبو لە هەلێکدا روشتم بۆ خولەکە بۆ لای ماموستایەکم

باسی کێشەکانم بۆیکرد...

ئامۆژگاری کردم بەوەی کە زۆر بە باشی گوێ لە ماموستاکانی قوتابخانەم بگرم چیان وت بەو شێوەیە بکەم ئەوە وەک شێوازێکی پێداچوننەوە بەکاربێنم لە وانەکانم هەرچۆنێبێت هەموویان ماموستان و ئەزمونیان هەیە...

لە رێگەمدا بۆ ماڵ بیرم لەوە ئەکردەوە کە ئەو حەفتەیەم چەند بە ناخۆشی تێپەراندوە..

بریارمدا کە ئیدی ئەو بێزاریەی ناو پۆل بگۆرم بۆ بەژداری کردن و گوێگرتن بە شێوەیەک کە ماموستا وا هەست بکات کە تەنها من لە پۆلم و هەوڵئەدەم...

هەر سەر لە حەفتە چومەوە قوتابخانە

زۆر بە جوانی گوێم لە ماموستاکانم ئەگرت،

پرسیارم ئەکرد



وەڵامی پرسیارەکانم ئەدایەوە

هەڵئەستام وانەکانم ئەوتەوە

بەیانیان زوو هەڵەسام

بە ئەرکەکان ئەچومەوە

تەنانەت لە رێگا لەناو پاس وانەکانم دوبارە ئەکردەوە ...

**قوتابخانە لام بۆیە شوێنی بنیاتنانی داهاتوم نەک شوێنێکی بێزارکەرو ماندووکەر...**

بەڵێ هاورێ گیان قوتابخانە شوێنی بنیاتنانی داهاتوی تۆیە خۆشتبوێت...



# له هاورێی کەمتەرخەم دورکەوە!:

سەرەتای قوتابخانە لە پولێکدابوم لەگەڵ هەموو
ئەو هاورێیانە بووم کە لە پۆلی ١١ لەگەڵیانبووم..

زۆربەیان خوێندن و وانە لایان گرنگ نەبوو.

چەند رۆژێکم لێوێ تێپەراند پاشان لەگەل
زیرەکترین قوتابی ئەو پۆلە پۆلەکەمان گواستەوە
و روشتینە پۆلێک کە هیچ کەسمان تیای نە
ئەناسی ،لە هەموو ئەو کەسانە دورکەوتمەوە کە
خوێندن لایان گرنگنەبوو..

دورکەوتمەوە لە بونی ژمارەیەکی زۆری هاورێ

چونکە تەنها زیانت پێئەگەیەنێت

هەوڵمدا چەند هاورێیەکی کەمم هەبێت لە
نزیکەوە کە ئەوانیش ئامانجیان
سەرکەوتنبێت...

زۆر کەسم ئەبینی کە تێکەڵ بەو کەسانە ئەبون کە کەمتەرخەمبون لە رووی خوێندنەوە پاشان ئەوانیش بەو شێوەیەیان لێئەهات...

بۆیە گوێبگرە!. گەر لەنام کۆمەڵە کەسێکی کەمتەرخەمیت و ئامانجت سەرکەوتنە بە زوترین کات دوربکەوە با قسەو گلەییەکانیشیان کارت تێنەکات، خۆشی داهاتوت لە خۆشی ئەمروت گرنگترە.

# وانە لە هەڵەی کەسانیترەوە فێربە!:

پاش حەفتەیەک دەوامکردن کاتێک کە پۆلەکەم گواستەوە رۆشتمە پۆلێک کە زۆربەیان ساڵیان دوبارە کردبۆیەوە...

هەندێکیان هەوڵێکی زۆریان ئەدا..

لە هەمانکاتدا هەندێکیتریان زۆر کەمچالاکبون و تەنها بە دەرچون رازیبوون...

من بووم بەو کەسەی کە هەولێکی زۆرم ئەدا..

بە ماوەیەکی کەم ناسرام لە ناویان وامکرد کە قوتابی و ماموستاکان خوشیان بوێم ،هەرکەس یارمەتی بویستایە بێ رەتکردنەوە ئەمکرد بۆی

بە جۆرێک هەمووان خوشیان ئەویستم...

ماوەیەک تێپەری و زۆر تێکەڵبووم لەگەڵیان ئەمویست هۆکاری کەم چالاکی دوبارەکردنەوەی ساڵیان بزانم...






ڕۆژێک دانشتبوین کاتی

پشوو بوو خەریکی خواردن

بوین ،ئیدی باس لە داهاتو کرا

منیش لە شوێنی خۆمەوە پرسیم

**"ئایە ئامانجی ئێوە چیە؟!**

**بۆچی ساڵتان دوبارە کردۆتەوە؟!"**

هاورێیەکم وەڵامیداو وتی **"هیچ ئامانجێک برادەر تۆ باسی چی ئەکەیت تەنها رزگارمانبێت هەر نمرەیەکمان هێنا بە پێی نمرەکە ئەرۆینە شوێنێک"**

دوای ئەوەی وایوت هەستاو رۆشت...

هاورێیەکیترم لە وەڵامدا وتی**" هەر یەکەمان و هۆکارێک یەکێکمان لەبەر ئەوەی نەیخوێندوە و نەیتوانیوە دەرچیت یەکی دیمان لەبەر ئەوەی بە**



**پێی پێویستی نەیخوێندوە و نەیتوانیوە بگاتە ئامانجەکەی"...**

پەشیمانی هەوڵنەدانی ئەو هاورێیەم بە روخساری و قسەکانی و تەنانەت نەفەسیشی دیاربوو..

لە هەمان کاتدا قسەیەکیکرد کە هەرگیز لە خەیاڵم دەرناچێت وتی **"کاتێک ئەو هاورێیانەم ئەبینمەوە کە چونەتە کۆلێژ و منیش لێرە بەجیماوم دڵم ئازاری ئەبێت ، نا ئیرەیی نابەم پێم ناخوش نیە تەنها ئەڵێم من هیچم لەوان کەمتر نەبو بۆ نەمخوێند ئاخر؟!"**

قسەکانی زۆر کاریان لێمکرد لەو خولەکە وانەمان دەستی پێئەکردەوە هەستاین و چوینە وانەوە... بەڵام لەدوای ئەو قسەیەی بریارمدا بە جۆرێک هەوڵبدەم کە لە کۆتاییدا مەجالی ئەوەم بۆ نەمێنیتەوە بڵێم بریا تۆزێکیتریش هەوڵمدابا..



بەڵێ هاورێ وانەی ئەمرۆت وەرگرت جەخت
لەسەر ئامانجەکەت بکەوە و هەوڵی بۆ بدە بە
جۆرێک کە گەر پێیشی نەگەشتی لە کۆتاییدا
بڵێیت تەواوی هەولی خۆمدا و ناتوانم بڵێم خۆزگە
زیاتر هەوڵم بدایە...

بە جۆرێکبە هەرگیز پەشیمان نەبیت!..



# دوربە لە موبایل!:

تا ماوەیەک موبایلم پێبوو و هەموو بەرنامەکانیشی تیابو کاتێکی زۆری لێم ئەکوشت مەیلم بۆی ئەرۆشت...

رۆژیک چەن کاتژمێرێکی زۆر موبایلم بەکار هینا بێ ئەوەی پێیشی بزانم..ئەمە زۆر نیگەرانی کردم بە غەمباریەوە لەسەر کتێبەکانم دانشتبوم بیرم ئەکردەوە لە رێگایەک بۆ نەهێشتنی ئەم کارەم...

بیرمکەوتەوە کە رۆژێک لە خول ماموستا باسی موبایل و بەکارهێنانی بۆمانکرد و وتی

**"قوتابییەکان ئەزانم کە زۆربەتان ئالودەی موبایلەکانتان بونە و کاتێکی زۆرتان لێئەبات کە بەراستی پێویستە ئەوکاتە بدەن بەخوێندنەکەتان**

**ئەی چی گەر ببێتە هۆکاری شکستتان هم پاشان کاتێک کەوتن خزم و کەس ئەڵێن بۆ کەوت؟!**



**خەتای مۆبایلبووە؟! ئممم خوا ئەزانێت خەریکی چیبووە؟! قسەو قسەڵۆکتان بۆ دروست ئەکەن کە ئەسڵەن بونی نیە تامی شکست تاڵە هەوڵبدەن نەیچێژن تەنها ئەمساڵ دوربە، بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێ ئەم تامە شیرینە بچێژە"...**



لە دوای بەبیرهاتنەوەی ئەو قسانە

بریارمدا هەرچی بەرنامەی ناو


مۆبایلەکەم هەیە بیانسرم..

و مۆبایلەکەم تەنها بۆ پێویستی

خوێندن بەکاربێنم...

تێگەیشتی هاورێ!بۆ ئەوەی لە شکست دوربێت و تامی نەچێژێت پێویستە لە هەموو ئەو شتانە

دوربێت کە دورتئەکەنەوە لە سەرکەوتن!..



# نمرەی بەرز بەدەست بهێنە!:

رۆژ تێپەری و وانەکانمان بە باشی ئەخوێند کەم کەم راهاتین لەگەڵ ماموستاکانماندا و لە تاقیکردنەوەی رۆژانەش باشبوین بە گشتی

بەڵام کاتێک گەشتینە تاقیکردنەوەی مانگانە لەگەڵ ئەوەی زۆر بە باشی خۆمان ئامادەکردبو

بەڵام بە گشتی نمرەی خراپمان ئەهێنا

سەیربوو بەڵام گرنگیمان پێی نەدا ئەمانوت خەتای ماموستایە و پرسیاری گران ئەهێنێتەوە بۆیە نمرەکانمان بەم شێوەیەیەو بەردەوامبوین لەسەر ئەم رێچکەیەمان...

رۆژێک لە قوتابخانە لەگەڵ هاورێکەم لە گۆرەپانەکە پیاسەمان ئەکرد...

وتی کە رۆشتوە بۆ لای یەکێک لە ماموستاکانی خولەکەمان و لە پۆلدا دانشتوە ماموستاش لەو کاتەدا ئامۆژگاری کردون...



منیش وەک هەموو کات پەرۆشی
ئامۆژگاریەکەی بووم و وتم چیوت؟!دەربارەی
چی ئامۆژگاریتانی کرد؟!

وتی کە ماموستا وتویەتی**"قوتابیەکان ئێستا کاتی تاقیکردنەوەتانە ئاگاداربنن! ئاگادارررر!! گەر نمرەی نزمتان هێنا بە خۆتانا بچنەوە ! ماموستا رەنگە پرسیاری قورستان بۆ بهێنێتەوە بەڵام گەر تۆ لەم تاقیکردنەوانە دەرنەچیت و نمرەی باش نەهێنیت چۆن ئەتوانیت لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی نمرەی باش بهێنیت کە تاقیکردنەوە لە هەموو کتێبەکە ئەکەیت!!بێگومان نمرەکانی ئێستاتان پێوەرە بۆ دوا نمرەکانتان بۆیە هەوڵبدەن براوەبن لە بەدەست هێنانی نمرەی باش!..".**

کاتێک هاورێکەو ئەم قسانەی بۆم گێرایەوە بیرم لە نمرە خراپەکانی خۆم ئەکردەوە، دڵگرانبوم لە کەمتەرخەمی خۆم...





لەوە بە دوا هەوڵەکانم زیاتر کرد
هەوڵمدا شێوازی پرسیار و
تاقیکردنەوەکانی ماموستاکانم
بزانم و پرسیارو شیکاری
زیاتر بکەم لە وانەکان
و زیاتر پیایا بچمەوە تا وردە وردە نمرەکانم
بەرز کردەوە...

هاوڕێ گیان تۆش بە هۆش خۆت وەرەوە دور
بکەوە لە کەمتەرخەمی و هەوڵی زیاتر بدە لە
پێناو بوون بە براوە.


# هەندێ کات پشت بە خۆت ببەستە!:

ڕۆژەکانم ئاسایی بەرێ ئەکرد بەڵام وەک ئەوەی
دیارە لە خولەکە بەردەوام ماموستاکەم
ئامۆژگاری ئەکردین،ئەمەش زور هاندەربو و
زۆر باش بوو بەڵام کە ئێستا خولەکە تەواوبوە
من ڕاهاتوم لەسەر ئامۆژگاریەکانی ماموستاکەم
،بویە بە شێوەیەک ساردبومەوە پێویستم بە
قسەکانی ماموستا بوو...

چاوەڕێی ڕۆژێکی پشوم کرد و لە هەلێکدا
روشتم بۆ خولەکەو روشتمە دەرسی ماموستا
چاوەڕێمکرد تا وانە تەواوبوو کە وانە تەواوبوو
دەستم هەڵبری و وتم "**ماموستە برگەی
ئامۆژگاریمان نیە ؟!..**"

ماموستا سەیریکردم وتی بۆچی؟!

وتم "**ساردبومەتەوە و پێویستم بە
ئامۆژگاریەکانتە**"



وتی" **ئێ مەخوێنە**

**بۆ ئەخوێنیت**

**خوێندن ئەتگەیەنێتە**

**کوێ!!.."**

بە سەرسورمانەوە خولەکەم جێهێشت ئەمە هەرگیز ماموستاکەم نەبوە وا بڵێت بەڵام زۆر بە قسەکەی نارەحەت بووم  بۆیە وتم ئەبێت لە دژی ئەو قسەیەی بخوێنم کە گەشتمەوە ماڵ دەستمکرد بە خوێندن بەڵام زور بە جوانی ئەمخوێند کە بیرم ئەکردەوە لە قسەکەی ماموستا هێندە زیاتر بە باشی ئەمخوێند...

پاشان تێگەشتم کە ئەو قسەیەی ماموستا بە شێوەیەک هاندەرم بوە... بەڵێ کاتێک ئامۆژگاریەکان زور ئەبن لە بەهایان کەم ئەبێتەوە بۆیە هەندێک کات پێویستە گوێبیستی وتەی



لەوجۆرە بیت تاوەکو بتوانیت پشت بە خۆت ببەستیت نەک تەنها ئاموژگاری و هاندان...

تێگەیشتی هاورێ پێویستە هەندێ کات پشت بە خۆت ببەستیت و خۆت هەوڵبدەیتت، وەهەنێکات وتە روخێنەرەکانیش وتەی هاندانن بەڵام ئێمە پێی نازانین با نمونەیەکیترت بۆ باسکەم بۆ ئەوەی بەرچاورونتربیت...

**وەرە با برۆین...**



# قسه روخێنەرەکان با هانتبدەن!:

تا ئێستا تەنها ئامۆژگاری و قسەی خۆش و هەندێکجار تورەبوون و هاوارکردنم لە ماموستاکانم بیستبوو...

هەرگیز قسەیەکیان نەکردبو ببێتە هۆی ڕوخانم چونکە قوتابیەک بوم کە هەرگیز کەمتەرخەمیم نا ئەکرد...

بەڵام لەمرۆدا قسەیەکم پێ وترا کە هەرگیز لە بیری ناکەم..

یەکێک لە ماموستاکانی قوتابخانەم ئەرکێکی زۆر زوری پێماندا و تاقیکردنەوەو ئەرکیتریشمان هەبوو..

تا شەو درەنگ من ئەمخوێند بەڵام پێرا نەگەشتم ئەرکەکەی ئەو ماموستایە تەواو بکەم بویە نیوەیم خوێند و وتم زۆرە رەنگە لە پۆلیش پێیرانەگەین نەمخوێند..



نائاسودەبوم بەڵام زور زۆر خەوم ئەهات هەر که چومه نێو جێگه راستەوخۆ خەوم لێکەوت...

بەیانی بۆیەوەو خۆمئامادەکرد و روشتم بو دەوام له نام پاسەکە پێداچونەوەی ئەرکەکانم ئەکرد...

گەشتمه قوتابخانەو ئەو وانەیه هات که نەمخوێندبوو...

هەموو کات لەو وانەیه زورترین بەژداریم ئەکرد

بەڵام ئەمجا تا نیوەی وانەکه بەژداریمکرد ماموستاش خێرا خێرا وانەکەی وتەوه تا گەیشتینه ئەو شوێنەی که نەمخوێندبوو نەک من بەڵکو کەسمان نەمان خوێندبو، ماموستا سێرێکمانی کرد وتی دەی کێ هەڵەسێت؟!

سێرێکی منی کرد و وتی ها بۆ هەڵناسیت چیبوه؟

بزەیەکی شەرمەزاریم کرد و وتم ماموستا ناکرێت خوت بۆمان باس بکەیت ؟!...

زۆر به خەجاڵەتیەوه وام وت..



بەڵام سێریکردم و وتی "**گوێبگرە ئەو پێکەنینەی ئێستات لە کۆتاییدا ئەبێتە گریان**"

لە شوێن خۆم وشکبووم وەک بڵێی هەموو پۆلەکە گوێیان لە دەنگی شکانی دڵم بوبێت .. روخسارم گۆڕا دانم بەخومدا گرت و باری خوم تێکنەدا بێدەنگبوم و سەرم داگرت، لەو خولەکە تەنها ئەمویست بگەمەوە ماڵ و پڕ بە دڵم بگریم..

ماموستا چۆیە دەرەوەو جەرەس لێیدا بۆ ماڵ

جەنتاکەم خێرا هەڵگرت و ویستم زور بە بێدەنگی بڕۆمەوە کە سەرم هەڵبڕی سێرمکرد هەمو هاورێکانی پۆلەکەم دەورەیانداوم



دڵم زۆر پڕبو ویستم بڕۆم

هاورێیەکم باوشی لێمدا

فرمێسکەکانم لەوەندە زیاتر

پێ نەگیرا و دەستم کرد بە گریان



هەموان دڵمیان ئەدایەوەو ئەیاوت کە ئەو ماموستایە هەر خۆی قسەی رەقە بەڵام بە زۆر دانم بە خۆمدا گرت و وسکتبومەوە.. هاورێکەم چاوەکانمی سڕی و لەگەڵم تا دەرەوە هاتن تا بزانن باشترم و بە باشی بڕۆمەوە..

ئاخر ڕوخام من بەو قسەیە، ڕوخانی خەونی کەسێک هێندە ئاسان نیە ،من چاوەرێم کە پێکەنین بخەمە سەر لێوی خۆم و خێزانم بەڵام ئەم پێمەڵێت کە کۆتاییت گریان ئەبێت..

بە بێ دەنگی چومە پاسەکەوەو لە کۆتا کورسی دانشتم هەرگیز ئاوها بێدەنگ نەبومە چونکە کەسێکی کراوەبووم تا گەیشتمەوە ماڵ سەرم لە باوەشی هاورێیەکم دانابو و چاوم داخستبو..

کە گەیشتمەوە ماڵ دایکم راستەوخۆ پێی وتم بۆ چاوەکانت سورن باوشم لە دایکمداو پر بە دڵم دەسم کرد بە گریان دایکم دڵی ئەدامەوە بەڵام من لەتاو ئازاری دڵم گوێبیستی وشەکانی دایکم

نەدەبووم و بەردەوام بووم لە گریان ، وەک بەردێکبو لەسەر دڵم لا نائەچوو، نەمویست زیاتر خەم بدەم بە دایکم بویە چاوەکانم سڕی و پێیموت کە باشم..



ڕۆشتمە ژورەکەم و

دەرگام داخست

ئەوکات پڕ بە دڵم

و پڕ بە ژورەکەم گریام..

هەرگیز ئەم ساتە لەبیر ناکەم ماموستا هەرگیز.

هەستم ئەکرد ئیدی تەواو لە ئێستاوە شکستم هێناوە .. بە برسێتی و بە دەم گریانەوە خەو بردمیەوە..

کە خەبەرم بۆیەوە دەمەو عەسربوو چاوەکانم ئاوسابون هەستام تا چەن ساتێک هاتمەوە هۆش خۆم سەر لە نوێ قسەی ماموستاکەم بیرکەوتەوە



دڵم پر بۆیەوە خیرا هەستام کتێبەکەم دەرکرد وتم" **بەڵێهــ ئەوە منم تەنها قسەیەک ناتوانێت بڕیار لەسەر من بدات من ئەبێت پێشانی بدەم کە گریانی ئێستام لە کۆتاییدا ئەبێتە پێکەنین ئەبێت زۆر باشتر لە پێشتر بخوێنم و پێشانی بدەم کە من تا کوێ ئەتوانم برۆم ئەبێت سەرکەوتنمی پێشان بدەمم".**

بە جۆرێک خوێندم کە بۆ وانەی داهاتو تەواو ئامەدەبووم لەوە بە دوا لە هەموو وانەکان هەڵئەستام و زۆربەی وانەکان من بەرێوەم ئەبرد

تا وایلێهات ماموستاش مامەڵەی لەگەڵم خوشبوو..

هاورێ گیان کاتێ روبەروو بونەوەیەکت توشبو رامەکە لێی ، مەکەوە، پاشەکشە مەکە تۆ بە هێزیت هێزی خۆت نیشان بدە!

بەڵام بە رێگای دروست! هەرگیز رق هەڵمەگرە! بەڵکو زیاتر هەوڵبدە!..



**ئەم بەشە لەبیر مەکە!**

**ئەبێت تۆڵەی خۆمان بکەینەوە**

**بە سەرکەوتن..**



# تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ:

وردە وردە لە تاقیکردنەوەکان نزیک ئەبوینەوە قوتابیەکان لە ئێستاوە گرنگی بە تاقیکردنەوەکان ئەدەن و خوێندنی رۆژانەیان فەرامۆش کردوە..

بەڵام بە پێچەوانەی هەموان خەریکی خوێندنی رۆژانەم و بەژداری لە وانەکان ئەکەم و هەموو هۆشم لە ئێستادایە...

تا کاتی تاقیکردنەوە هات..چەند رۆژێکی کەم هەبوو تا بتوانم نیوەی کتێبەکان بخوێنم..

بەڵێنیشم لە باوکم وەرگرتبو کە ئەگەر کۆی گشتی نمرەکانم ٩٠ بێت بمبات بۆ سەردانی هاورێیەکی دورەشارم..

واتا ئامانجێکی بچوکم بۆ خۆم دانا بویە زۆر هەوڵم دا کە کۆی گشتی نمرەکانم بکاتە ٩٠.







لە دەرەوەی ماڵ،لە حەوشە
لە سەرمایەکی زۆردا ئەمخوێند
زۆر خۆم ماندوو کرد
تەنانەت ماڵەوە پێمیان ئەوت
وا مەکە نەخۆش ئەکەویت هێندە خوت ماندو مەکە!

لە رۆژی تاقیکردنەوە شەو زوو خەوتم و بەیانی زوو هەستام پێداچونەوەیەکی خێرای وانەکەم کرد و کاتژمێرێک پێش تاقیکردنەوە دەستبەرداری کتێبەکانم بووم نانێکی سوکەم خوارد و بەرەو قوتابخانە بەرێکەوتم..

بەم شێوەیە هەموو تاقیکردنەوەکانم تێپەراند..

لە کۆتا تاقیکردنەوە، میوانێکی زۆرمان هات بەڵام من لەگەڵیان دانەنیشتم، لە حەوشەبووم ،لە سەرمایەکی زۆر بەردەوام ئەمخوێند بەبەر چاوی هەموانەوە من خەریکی خوێندنبوم..



بۆ بەیانی کاتێک لە تاقیکردنەوە هاتمەوە وتم
زۆر باش جوابم داوە..

کۆی گشتی نمرەکان ٩٠م بۆخۆم دانابوو،لە
هەندێک وانە ئەموت ١٠٠ ئەهێنم..

کات تێپەری و کاتی وەرگرتنەوەی نمرەکان هات

بەڵام شتێکی سەیر رویدا

زۆربەی نمرەکانم ٨٠کان بون وە نمرەی ئەو
وانەیەی لە کۆتا رۆژ هەمبوو لە پێش هەموان
خوێندم وام دانابو کە ٩٩ی لیبێنم بەڵام کاتێک

نمرەم وەرگرتەوە چیم بینی!! ٧٤!!!..



لەو کاتەدا هەموان پێمیان ئەوت

ئەی تۆ نەتوت باشبوم ئەی کوا؟!



بەڵێهــ لەمەوە چەند وانەیەک فێربوم با تۆش فێر بکەم هاوڕێ..

**یەکەم** هەرچ نمرەیەک بۆ خۆت دابنێیت کەمتر ئەهێنیت، بۆیە گەر دەتەویت ١٠٠ بێنیت ئەبێت بۆ ١٢٠ بخوێنیت، وەک بینیت بۆ ٩٠ خویندم ٨٠م هێنا.

**دووەم** هەرگیز بەبەر چاوی کەسەوە مەخوێنە جگە لە خێزانەکەت.

**سێیەم** هەرگیز لە دوای تاقیکردنەوە مەڵێ زۆر باش جوابم داوەتەوە، بڵێ نازانم سوپاس بۆخوا.

**چوارەم** لە هەڵەکانتەوە فێر ببە.



# پشوی نیوەی ساڵ:

هەر لە کۆتا تاقیکردنەوە هاتمەوە زۆر ماندوو بووم ،خەوێکی درێژ خەوتم پاشان ٢ بۆ ٣ ڕۆژ پشومدا ، پشویەکی زۆر درێژبوو بۆم ،لەمساڵدا هەرگیز بەو شێوەیە پشوم نەدابوو...




وردە وردە هاورێکانم

گەرانەوە سەر خوێندن

بەڵام من ساردبومەوە

ئەموت زۆر ماندووم ، با زیاتر پشو بدەم...

تا رۆژێک وتم با سێرکەم بزانم وانەیەک هەیە بۆ خوێندن لە ئێستادا..کاتێک چومە سەر کتێبەکان سێرم کرد زور شت هەیە کە پێویستە پیایابچمەوە و بیانخوێنم..زۆر پەشیمانبووم لەو رۆژانەو لەو خولەکانەی کە لێم رۆشتووە..خێرا خشتەیەکم بۆخۆم ئامادەکرد بۆ ئەو وانانەی کە لە دوای پشو لە قوتابخانە ئەیخوێنین و دەستم بە خوێندن کرد.



سەردانی خولەکەم کردەوە تا داوا لە ماموستاکانم بکەم کە تاقیکردنەوەم بکەن لە وانەکان..

وە بۆ تاقیکردنەوە خۆم ئامادە ئەکرد و ئەنجامم ئەدا.. بەم شێوەیە ئاسانکاریەکی باشم کرد بۆ دای پشوم.

ئاگاداربە! هەموو خولەکێکت هەڵێکە لە بەردەمت.

ئێستاش برۆ من لێرە ئەبم، چاوەرێت ئەکەم ،لە وەرزی بەهار بگەرێوە لام ،بەختێکی باشت بۆ ئەخوازم...



# وەرزی بەهار:

لە دوای پشووەوە کات بە باشی تێپەڕی و بەرەو
مانگی ٣ ئەرۆشتین کەش و هەوا بەرەو
خۆشبوون ئەرۆشت کاتی سەفرەو سەیرانبوو..

کەس و کارو خزم ئەیاویست دەربچن و
سەیرانێک رێکبخەن..

بەڵام من زۆر نارەحەتبووم بەم شتە چونکە
ئەرکی زۆڕم هەبوو ،

قوتابخانەم هەبوو،

تاقیکردنەوە،

ئەرکی ماڵەوە..

ئەمویست بەردەوام

لە ژورێکدابم و بخوێنم..

بە کارەکانم رانائەگەشتم..





ڕۆژێک ئەرکێکی زۆرم هەبوو تاقیکردنەوەی کیمیاشم هەبوو پێویست بوو تەواوی ڕۆژەکە بخوێنم..

بەڵام کەسوکارەکەم خۆیان ئامادەکرد بڕۆن بۆ سەیران داوام لێیان کرد کە من نەبەن و لە ماڵ بەجێم بهێڵن..

بەڵام ڕازی نەبون و وتیان تۆش پێویستت بە دەرچونەو پێویستە بێیت..

منیش خۆم ئامادەکرد و کتێبەکانم کۆکردەوەو بردم لەگەڵ خۆم..

کە گەشتینە شوێنی مەبەست کەمێک پشومدا و کاتێکی خۆشم بەسەربرد دیمەنێکی جوانبو بەڕاستی هەستم کرد کە پێویستم بە دەرچونێکی لەو شێوەیەبوو..

دواتر چومە سوچێک کە هیچ دەنگێک نەدەهات کتێبەکانم دەرکردو دەستمکرد بە خوێندن..



کەمێک لە ئەرکەکانم تەواوکرد و کاتێکی خۆشم بەسەربرد و وە هێزێکی زیاترم بۆ گەرایەوە بۆ خوێندن..

ئەها بیرمچوو بەخێر هاتنەوەت بکەم، بەخێربێیتەوە ..چاوەرێت بووم ..

وانەی ئەمجارەشت وەرگرت بەردەوام لە نێوان چوار دیوار مەبە هەندێکات پشویەک بدەو هێز وەرگرەوە!..



# پەیدابونی سترێسێکی زۆر:

تا ئێستا بەشێوەیەکی باش تێمئەپەراند..
تاقیکردەوەکان ،وانەکان ،ئەرکەکان،زۆڕ
باشبوون..

راستە لەسەریەکبوون، سەخت بوون، بەڵام بە
شێوەیەکی باش تێئەپەرین.. تا نزیک بوینەوە لە
کۆتایی کتێبەکان..

هەستێکی لەپڕم بۆ دروستبوو ...

وام هەست ئەکرد کە ئەم بەشانەم بیرچۆتەوە ،
باش نەیانم خوێندوە، هیچ نازانم لەسەریان...

کەوتمە ناو سترێسێکی زۆرەوە
نەمتوانی زاڵبم بەسەریدا دوای
چەند رۆژێک لە بیرکردنەوە
مێشکم زۆر ئاڵۆز بوو..






بریارمدا ماموستای تایبەت بۆ کۆتا بەشەکان
بگرم، بۆ دوو وانە..


ئەمە قورس ئەبوو لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ئەرک و
تاقیکردنەوانەی کە لە قوتابخانە هەمبوو.

بەڵام بە هەر حاڵ هەستام بە گرتنی دوو ماموستا
بۆ دوو وانە کە پێم وابوو باش نیم لێیان..

**با بروین..**



# قورساییەکی زۆر :



پاش گرتنی دوو وانە

و شەش وانەش لە قوتابخانە

و تاقیکردنەوەی ڕۆژانە و مانگانە

لەگەڵ دەوامکردنی هەموو ڕۆژ

ئەمانە هەموو زۆر ماندوکەر بوون،ناچاربوم ئەو کاتەی کە ماومە بە خەو بەسەری بەرم..تا کەوتمە فەرامۆشکردنی هەموو وانەکان.

رۆژێک زۆر بە ماندویەتیەوە ڕۆشتم بۆ لای ماموستای خولەکەم کە ئەو کاتە ماموستای تایبەتم بوو و ئەو ڕۆژە وانەمان هەبوو..

چوومە وانەوەو ماندویەتیم پێوە دیاربوو

ماموستا لێمی پرسی "ئەرکەکانت کردوە؟!"

وتم "**نەخێر ماموستا کاتم نەبوو"..**





ماموستاکەم شێوازی قسەکردنی گۆرا،

تورەییم لە چاوەکانی بەدی ئەکرد..

زۆر دڵتەنگ بووم

بۆ ساتێ سەرم داخست

و پاشان چی لە دڵمبوو پێیم وت

**"ماموستا زۆر ماندووم ،ناتوانم هیچ کارێک بکەم..ئەرۆمە قوتابخانە دێمەوە پاشان ئەرۆمە لای ماموستا دێمەوە ئەخەوم تا کاتی قوتابخانە..**

**خەریکە کارەکان لە کۆنترۆڵم دەرەچن..**

**ماموستا چیبکەم؟!.."**

ماموستاکەم بە سەیرکردنێکی سەیر سەیریکردم و وتی:**"گوێبگرە!با باسی شتێکت بۆ بکەم ..هەریەک لە ئێمە لەم جیهانەدا بە دوو عەقڵ بیر ئەکاتەوە، یەکیان ئەوەیە کە راستەوخۆ کارەکانی پێ ئەکەین و پێویستی بە بڕواپێهێنان**



نیە ئەویتریان بەشێکە لە عەقڵ کە پێی
ئەوترێت عەقڵی باطنی.
جا عەقڵی باطنی هەرچیەکی پێ بڵێیت
راستەوخۆ لێت وەرئەگرێت وە تۆ ئێستا بەوت
وتوە کە من ناتوانم...


**وەرە لەگەڵم...**



# کۆنترۆڵکردنی عەقلی باطنی:

وتم **"واتا چۆن؟! باشە چۆن بتوانم عەقڵی باطنی لە بەرژەوەندی خۆم بەکاربێنم؟!"**

ماموستاکەم وتی **"ئاسانە تەنها پێی بڵێ**



**ئەزانم ،**

**ئەتوانم،**

**ماندوو نیم ،**

**سەرئەکەوم...**

**تو هاتویت منت کردوە بە ماموستای تایبەتیت سەرەرای ئەوەی لە وانەکەت باش تێگەیشتویت بەڵام وا باوەرت بە خۆت هێناوە کە تێنەگەشتویت وە کارەکانت سەخت کردوە بە بیرکردنەوە نەرێنیەکانت ئەمەش ماندوی کردویت برۆوە ماڵ بیر لە قسەکانم بکەوە و**



**پاشان چاوێک بە بەشە کۆتاکان بهێنە بزانە ئایە بەراستی تێنەگەشتویت ؟!"**

بەڵێهـــ وتەکانی ماموستاکەم زور کاری تێکردم تەواوی شەو بیرم لە قسەکانی ئەکردەوەو متمانەی خۆمم گەراندەوە کاتێک بەیانی چومە قوتابخەنە هەستم ئەکرد لە هەموو وانەکان زۆر باش تێئەگەم ،تەنها پێویستم بە پێداچونەوەو هەوڵدانە و هیچیتر!..

**با بەردەوامبین...**



# گرنگیبدە بە خاڵە سەرەکیەکان:

وازمهێنا لە بیرکردنەوە نەرێنیە ماندووکەرەکان،

هەستام بە دانانەوەی خشتەی خوێندنی رۆژانەو تاقیکردنەوەکان.

وازم لە چونەوە بۆ لای ماموستاکەم هێنا و گرنگیم بە ئەرکەکانمدا.

وردە وردە کارەکانم کونترۆڵ کردەوە تێگەیشتم کە خاڵی سەرەکی بریتیە لە مێشک.

بەڵێ هاورێ وابزانم وانەی ئەمرۆت باش پێگەیشت کۆتا قسەی منیش بۆت لەمرۆدا ئەوەیە



**"بە بیرکردنەوە ئەرێنیەکانت مێشکت بەرەو پێش ببە".**



# کۆتا مانگی قوتابخانە:

کارەکان باش ئەڕۆشتن نزیک ئەبوینەوە لە کۆتایی کتێبەکان و کۆتایی قوتابخانە..

وردە وردە قوتابییەکان کەم ئەبونەوە لە پۆل و ئیدی بەر لە کاتی تەواوبونی قوتابخانە دائەنیشتن لە ماڵەوە بە مەبەستی پێداچونەوە..

دوودڵ بووم کە ئایە منیش پێویستە وەک ئەوان بکەم؟!..

بەڵام پێویستم بە تەواوبونی وانەکانبوو لە قوتابخانە چونکە هەندێک لە وانەکان نە لە خول نە لە هاوین نەمخێندبوو و پێویستم بە تێگەیشتنبو لەلایەن ماموستاکانمەوە...

ڕۆژێک چووم بۆ لای یەکێک لە ماموستاکانم بۆ وانە .

دوای تەواوبونی وانەکە دۆخەکەم بۆی ڕونکردەوەو لێیم پرسی کە پێویستە چی بکەم؟!



وتی" شتێکی ئاساییە گەر لە وانەکان
تێگەیشتبیت و لە ئێستاوە دانیشیت لە ماڵ بەڵام
گەر تێنەگەشتبیت ئاسایی نیە چونکە
تێگەیشتنت لە وانەکان گرنگترو لە پێشترە لە
پیداچونەوەی..

بۆیە گەر تا کۆتا پەرە تێنەگەیشتویت وازمەهێنە
لە چونەوە بۆ قوتابخانە... "لە دوای ئەم وتانە
بێ دوودڵی تا کۆتا رۆژ دەوامکرد.

پێموابێت دوبارە کاتی ڕۆشتنم هاتووە

هەستەکەم کە هاوڕێیەکی باشیت

زۆر لەگەڵت ڕاهاتوم

ئەمجارەیان من بەجێت ناهێڵم

لێرە ئەبم و چاوەڕێت ئەکەم

تۆ برۆ هەر کە قوتابخانەت تەواو بوو

خێرا بگەڕێوە لام

تاوەکو ڕێگاکەمان تەواو بکەین

لە بیری نەکەیت

چاوەڕێتم..




**دەی برۆ!!**



بە هیوای

گەرانەوەت بە هێزیکی

زیاتر..





# بەشی سێیەم:

سڵاو گەڕایتەوە...

زۆر چاوەڕێت بووم

چۆنیت؟..

باشبویت لەگەڵ قوتابخانە؟..

هەرچونێک بوبیت ئەو

ڕێگایە ئێستا تەواو بوو...

بەرەو ڕێگایەکیتر هەنگاو ئەنێین

ئەبێت وەک سەرەتا دەسپێبکەیت و بەهێز بیتەوە باشە!!

ئافەرم..تۆ هاورێ بەهێزەکەی منیت!..

**با دەست پێبکەینەوە...**



# کارەکانت ڕێکبخە!..:

قوتابخانە کۆتایی هات وا بەرەو مانگی ٤ ئەڕۆین پێویستم بە هێزێکی زۆر بوو وە هەروەها خشتەیەکی باش بۆ پێداچونەوە پێویستم بە لێهاتویی کەسانی شارەزا بوو ...

تاکە شت کە لەو کاتەدا پشتم پێی بەست بۆ دانانی خشتە ڤیدیۆکانی دکتۆر زانا ئەحمەد قەساب بوون کە لە سەرەتاوە بەبەردەوامی سەیرم ئەکردن...

خشتەم بە شێوەیەک دانا کە وانەیەک زانستی و وانەیەک زمان یاخود ئەدەبی بێت و دوو پێداچونەوەم تیای دانا...



هەروانەو چەند ڕۆژێکی

دیاریکراو بە پێی بەشەکانی

و قورسی و ئاسانی بابەتەکە

بێگومان لەگەڵ پێشاندانی

چەند ماموستایەکی شارەزا...

لەگەڵ پابەند بوون بە خاڵە سەرەکیەکان کە بریتیبوون لە:

1. **رێکخستنی کاتی خەو.**
2. **کەمکردنەوەی بەکارهێنانی مۆبایل یان هەڵگرتنی.**
3. **دانانی خشتەی رۆژانە.**



# نزیکیت هەوڵبدە!:

زەنگی وریاکەرەوەکە لێدەدات **"لە خەوێکی قوڵدام ئەمە چیە ئێستا؟!"**

کاتژمێر ٦:٠٠ ی بەیانی بەرواری 4/١ ـــە ئەمە کۆتا بەشی هەوڵدانە لەم ساڵمدا..

ژورەکەم تاریکە روناکیەکی کز لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە دزە ئەکاتە ژورەوە ئارەزووی خەو و پشودان ئەکەم..

پاش چەن چرکەیەکی کەم شتێک لە ناخمەوە پێی وتم **"گەر من ئێستا هەنگاو نەنێم بەرەو سەرکەوتن ئەوا کات خۆی ئەمبات بەرەو شکست ئێستا کاتی هەوڵە راستەقینەکەیە هەستە ئامانجەکەت چاوەرێتە"..**

خێرا هەستامەوەو کتێبەکانم لەگەڵ خۆم بردە حەوشەو کوپێک قاوەم دروستکرد..



پاش خواردنەوەی قاوەکە دەستم کرد بە دانانی خشتەیەکی رۆژانەو کاتەکانم رێکخست و دەستم کرد بە خوێندن.. هەڵبەت بە شێوەیەکی زۆر باش نەمئەتوانی کاتەکانم رێکبخەم بەڵام بە هەوڵێکی زۆرەوە ئەمخوێند..




بەم شێوەیە دەستمکرد

بە رۆژەکانی پێداچونەوە..

هاورێ ئامۆژگاری ئەمجارم

ئەوەیە کە هەرکات ویستت کارێک بکەیت بەر لە تێپەربونی چوار چرکە بەسەر بریارەکەت هەستەوە بۆ ئەنجامدانی گەر نا تەمبەڵی ئەتگرێت!



# کارەساتە خۆش و ناخۆشەکان ڕێگر نین!:

زۆر باش رۆژەکانم تێئەپەراند هیچ لە خشتەی رۆژانە و خشتەی پێداچونەوە لامنائەدا..

ماوەیەک تێپەری و تاقەبراکەم نیازی بوو هاوسەرگیری بکات وە ئەو تاکە برام بوو پێویستبوو ئامادەبم و یارمەتیدەربم لە ئاهەنگەکەیدا ئەوەش نیگەرانیکردم و هەستم ئەکرد دورم ئەکاتەوە لە خوێندن.. هەستام بە ئەنجامدانی کارێک کە لە بەرژەوەندیم دابێت

لە خشتەکە لامدا بەجۆرێک کە زیاتر هەوڵمدا و و ئەمخوێند تاوەکو کاتم بۆ بگەرێتەوە وانەکانم بەر لە تەواوبونی کاتی خۆی تەواو ئەکرد بەم شێوەیە چەند رۆژێکم بۆ مایەوە و زۆر بە ئاسودەیی کاتم بەسەربرد لە زەماوەندی براکەم..



هەڵبەت خێرا گەرانەوەمەوە بۆ سەر شێوازی ڕۆژانەو خوێندنم.

پاش ماوەیەک باپیرم توشی نەخۆشی ژێرپەنجە هات بینینی ئەو بەو ئازارەوە هەموو ناخمی ئەهەژاند پاش ماوەیەک لە نەخوشیەکەی کۆچی دواییکرد..

ئەمە زۆر دڵتەنگی کردم لەدەستدانی ئەو سەختبوو ئەو ڕۆژەی کە باپیرم مرد زۆر خراپ نەخۆشکەوتم و لەنێو جێگا کەوتم لە ماڵ بە تەنها مامەوە هەرچۆنێک بێت سەر لە ئێوارە خۆم گەیاندە پرسەکەی باپیرم

ڕەمەزان بوو گەرما و خەم

چاوە پرفرمێسکەکانی نەنکم

...





که لە پرسە هاتمەوە زۆر ماندوو بووم سەیری کتێبەکانم کرد لەگەڵ چاوە پڕ فرمێسکەکانم چۆکم دایە زەویداو وتم **ناتوانم تەواو...**

کەوتمە بیرکردنەوەیەکی قوڵ لەوەی کە باپیرم چەنی خۆشئەویستم چەن چاوەڕێی شتێ باشبوو لێم ئایە پێویست نیە بگەم بەوەی کە ئەو لێمی ئەویست؟!

بەڵێهـــ پێویستە کە هەڵبسمەوەو دوبارە هەوڵبدەمەوە...

بەم بیرکردنەوانە خەو بردمیەوە و بەیانی زوو زەنگەکە لێیدا دوبارە بە هێزێکی زیاتر هەستامەوە بۆ هەوڵدان...

گەورەترین کارەساتتەکانیش بە دەستی خۆتە کە ئەیکەیتە بیانویەک یاخود ئەیکەیتە پاڵنەرێک

هەر لەمساڵدا ئاشنای کچێک بوم کە نمرەیەکی زۆر بەرزی بەدەستهێنا و گەیشت بە ئامانجەکەی



سەرەرای ئەوەی بە چەند رۆژێک پێش
تاقیکردنەوەی کۆتایی باوکی کۆچی دوایی
کرد..ئەمەشی کرد بە پاڵنەرێک بەوەی کە وتی
پێویستە ئەوە بەدەستبێنم کە باوکم
لێیویستم..پێویستە خەونی باوکە کۆچکردوەکەم
بەدیبهێنم...



# بەشداری کۆڕ و سیمینارەکان بکە!:

بە هۆی ئەوەی ڕۆژەکان دووبارەبوون و هەموو ڕۆژێک خەریکی خوێندن بووم بە شێوەیەک وردە وردە خوێندنم کەم کردەوە و کاتەکانم بە فیرۆ ئەدا ئەمەش زیانێکی زۆری هەبوو بۆم بەڵام کاتێک ئەمویست دەستپێبکەم خەیاڵ ئەیبردمەوە هەندێک کات هێندەی خەیاڵی ئەوەم ئەکرد کە لە دوای سەرکەوتنم چی لە کۆڕ و سیمینارەکان بڵێم و چۆن قسەبکەم هێندە خەیاڵم نا ئەدا بە بە خوێندنەکەم هههههـــــ..

ئەمزانی کەمتەرخەمم بەڵام خۆم چاک نائەکرد تا ڕۆژێک هەواڵیاندا کە دکتۆر زانا ئەحمەد قەساب دێت و سیمینارێک سازئەکات..

منیش کەسێک بوم کە بەردەوام سەیری ڤیدیۆکانی دکتۆر زانام ئەکرد وزۆر سەرسامی قسەکانی بووم و زۆر کاریان لێمئەکرد..



بۆیە بریابریارمدا برۆم...

رۆژ تێپەری و ئەو رۆژە هات کە سیمینارەکەی تێدا ساز ئەکرێت لەگەڵ هاورێکانم رۆشتین..

هۆڵێکی گەورەبوو نزیکەی ٢٠٠ قوتابی پۆلی ١٢ی لێبوو رۆشتین و هەرکەس لە شوێنی خۆی دانشت دکتۆر زانا ئێشتا نەگەشتبوو تیمێکی میوزیک ژەنی خەریکی ژەنینی میوزیک بوون هەموان زۆر بە هێمنی چاوەرێی دکتۆرمان ئەکرد...

کاتێک دکتۆر گەیشت زۆر بە رویەکی خۆش و گەشەوە هاتە سەر ستەیج زۆر پەرۆشی قسەکانی بووم...

لەو خولەکەدا زەنگی ئاگادارکەرەوەی مۆبایلەکەم لێیدا.. راچەڵەکیم..



هەموان سەیریان ئەکردم

زەنگەکەش گۆرانیەکی

هەڵپەرکێ بوو ئەوەی کە ئەڵێت "تاران کوچە بە کوچە" ئەوەم دانابو بۆ ئەوەی پاش خەوتنی نیوەروان لە خەو هەڵمسێنێت هههههـــ ... خێرا کوژانمەوەو باری خۆم تێکنەدا هههههـــ..

پاشان دکتۆر لە حاڵمانی پرسی ئیدی هەنێکمان وتمان باش و هەنێکمان وتمان خراپ وردە وردە چووە ناو بابەتی ئامۆژگاری و هاندان..

# ئامۆژگاریەکانی دکتۆر زانا:

دکتۆر هەندێک باسی لە چۆنیەتی هەوڵدان و چۆنیەتی خوێندن لە سەرەتاکانەوە تاوەکو ئێستا کرد پاشان دەسی کردە گیرفانی چاکەتەکەیەوەو پارچە کاغەزێکی دەرکر و وتی کە ئەم کاغەزە رێگایەکی تیایە لە کاتی پۆلی ١٢ وزانکۆی پزیشکیش ئەم رێگایەم بەکارهێناوە بۆ خوێندن ئەویش رێگەی **sting**ــــە..



سەرەتا وتی کە هەر یەکەمان کاغەز و پێنوسێک دەربکەین و ئەوەی ئەیڵێت بینوسینەوە پاشان وتی کە هەر یەک لە پیتەکانی واتایەک ئەدات کە بریتین لە:



## S: دیارخەر

واتا دیارییبکە چ وانەیەک و چەنێک ئەخوێنیت.

## t: دیارخەری کات

ئەو کاتە دیارییبکە کە ئەتەوێ ئەو وانەیەی تێدابخوێنیت.

## i: ئیهمالکردن

هەموو شتێک ئیهمالبکە جگە لە خوێندنەکەت

## n: وەرگرتنی رێست

رێست وەرمەگرە تا کاتی خۆی **(هەموو سەر کاتژمێری پێنج خولەک).**

## g:پاداشت

لە کۆتاییدا پاداشتی خوت بکە بە کردنی ئەو شتەی کە ئەتەوێت بەڵام کاتێکی کەم.



پاشان چۆنیەتی بنیاتنانی متمانەی فیرکردین بە خاڵ کە بریتیبوون لە:

### ١-زانیاری

کە ئەو کاتە وەرئەگیریت کاتێک ماموستا وانە باس ئەکات .

### 2-لێهاتویی

لێهاتوییش بە دوبارەکردنەوەو زۆر شیکارکردن بە دەستدێت.

### ٣-ئیرادە

کە پێویستە لە ناخەوە هەڵبقوڵێت و هانتبدات بۆ بەردەوامبوون.

### ٤-بەردەوامی

بۆ بەردەوامیش پێویستە ٣ خاڵ پەیرەو بکەی..



بۆ بەردەوامی:

١.بیرکردنەوە لە سەرکەوتن.

٢.سودبینین لە هەڵە

٣.سەیری هاورێ سەرکەوتوەکانت بکە.

لەگەڵ چەندین ئامۆژگاریتر وەک. ...



## ئەو ئەرکانەی پێویستن لەم ڕۆژانە بیکەیت:


1. ڕۆژانە ئەو وانەو بەشەی داتناوە بۆ خوێندن تەواوی بکە
2. حەفتانە چارەگێک پیاسە بکە.
3. ڕۆژانە چەند جارێک لە شوێنێکی ئارام دابنیشەو هەناسەیەکی قوڵبدە بەم شێوەیە..
   ٥ چرکە بە لوت هەناسە هەڵمژە
   ٥ چرکە هەناسەت ڕاگرە
   ٥ چرکە هەناسەت بە دەم بدەوە.
4. بیر لەوە بکەوە کە تاوەکو ئێستا چۆن توانیوتە بەسەر ئاستەنگیەکان سەر بکەویت و زاڵبیت.
5. گوێ لە کەس مەگرە **"گرنگترین خاڵ"**
6. موبایل هەڵبگرە.
7. دوعا زۆر بکە.



## ڕێگاکانی زیادکردنی تەرکیز..کاتێک لە کاتی خوێندندا خەیاڵت ئەروات هەستە بە ئەنجامدانی:

1.ژماردن بە پێچەوانە.
2.ژماردن بە دوو زمان.
3.ژماردن بە پێچەوانەو بە دوو زمان.
4.کرداری کەمکردنەوە "لێدەرکردن"

و هەر پرۆژەیەک بە مێشکت دێت لە شوێنێکدا بینوسەوە چونکە لەو کاتەدا پرۆژەی جوان بە مێشکتدا دێت..لە دوای تەواوبونی پۆلی١٢ هەڵسە بە ئەنجامدانیان.



## هەنگاوەکانی پێش چونە تاقیکردنەوەی کۆتایی:

1.شتە گرنگەکان دیاریبکە و بیخوێنە.

2.شەوی تاقیکردنەو ٦ کاتژمێر بخەوە لە
کاتژمێر ١٠ ــەوە بخەوە.
لە ئێوارەوە بابەتەکانی کافایین مەخۆرەوە
وەک چای و قاوە و هتد.. شیر بخۆرەوە.
نوێژ بکە و زوو بخەوە
پێش خەوتن خواردن مەخۆ.

3.ئاو زۆر بخۆرەوە.

4.کاتژمێرو نیوێ پێش تاقیکردنەوە واز لە
خوێندن و کتێب بهێنە.

5.پێش رۆیشتن بۆ تاقیکردنەوە دوو روکعات
نوێژی ئیستخارە بکە.. یارمەتیدەرت ئەبێت
لە دیاریکردنی چارەنوست .

6.لە ناو تاقیکردنەوە وەڵامت مەسرەوە و
مەیگۆرە ئەگەر دڵنیا نەبویت .



7.دوای تاقیکردنەوە سەیری شیکاری پرسیارەکان مەکەو شیکاریان مەکە.

8.وەرەوەو دوو رکعات نوێژی سوپاسگوزاری بکەو بخەوە.

لەهەمان کاتدا بەهۆی ئەوەی رەمەزان لە پێشمانبو زۆرێکمان داوامان لە دکتۆرکرد کە خشتەیەکی باشمان بۆ دابنێت بۆ خوێندن لە رەمەزاندا.. ئەمەشبوو کە دوو رێگای خوێندنی پێماندا:

**رێگای یەکەم:**

**فتار ئەکەیتەوە ئەخوێنیت تا نانی پارشێو**

**پارشێو ئەخەوی تا ١٠ ی بەیانی**

**لە ١٠ ی بەیانیەوە ئەخوێنیت تا کاتژمێرێک پێش بانگی مەغریب.**

ئەم خشتەیە بۆ ئەو کەسانەبو کە بە شەو خوێندنیان پێ ئەکرێ.



بۆ ئەم کەسانەی کە بە شەو خوێندنیان پێ ناکرێت ریگای دووەم هەیە:


**رێگای دووەم:**

**دوای نوێژی عیشا ئەخەوی تا پارشێو.**

**دوای پارشێو ئەخوێنی تا ١٠ی بەیانی**

**کاتژمێرێک خەوتن پاشان ئەخوێنی تا کاتژمێرێک پێش بانگ.**

ئەمە هەموو ئەو ئامۆژگاریانە بوون کە پێویستی بە نوسینەوە هەبوو..هەڵبەت وتەکانی هێندە بەنرخبوون هێندە هاندەربوون کە یەک بەیەکیان شایەنی نوسینەوەبوون .



ئەوەش ئەو کاغەزانەی

کە لێم نوسیبوون...



# وتە کاریگەرەکان:

لەو سیمینارەدا بەرێوەبەر هەندێک لە قوتابیە سەرکەوتوەکانی ساڵانی پێشوی بانگێشت کردبوو

کاتێک بانگێشتی سەر ستەیجیانی ئەکرد بۆ باسکردنی سەرکەوتنیان و هاندانمان هەمووان وتەی زۆر جوانیان فەرموو و چێژی سەرکەوتن لە ژیانیان ڕەنگی دابۆیەوە لە دورەوە هەستت بەو چێژو خۆشیە ئەکرد کە لە چاوانیان ئەبینرا.

کاتێک کە سەیرم ئەکردن بۆ ساتێک خۆم کردە شوێنیان کە لەسەر ئەو ستەیجە وەک کەسێکی سەرکەوتوو قسەبکەم بۆ قوتابیانی دوای خۆم..

چ هەستێکە هەستی سەرکەوتن خودایە..
چاوەکانم پربوون لە فرمێسک بۆ ساتێک هەستم بەو چێژەکرد..




تۆش تاقیکەرەوە هاوریٚ چاوەکانت دابخەو هەستی پێبکە.. تۆ بەڵێ تۆ! داتخست؟! هەستت پێکرد؟! خۆشبوو؟!..

وتەکان زۆر کاریگەربوون بەڵام هیچی وەک وتەی ئەو کورە کاری تێنەکردم کە هاتە سەر ستەیج بە شێوەیەکی جوان سڵاوی لێکردین وتی کە لە بەشی پزیشکی گشتیە وتەکانی ئەوم هەرگیز لە مێشک دەرناچێت کە وتی:

"سڵاوتان لێبێت من لە کۆلێژی پزیشکی گشتیم من خاوەنی دوو براو دایکیکم هەر کە مناڵبوین باوکم کۆچی دواییکرد من و دوو براکەم پەروەردەی دەستی دایکمین دایکێک لەگەڵ سێ منداڵدا بە تەنها زەحمەتیەکی زۆری دیت بەڵام کاتێک کە بومە خاوەنی ئەم پلەیە هەستمکرد کە بەشێکی بچوک لە پاداشتیم داوەتەوە ئێمە ئێستا سێ کوری گەورەین کە من برا بچوکیانم برا گەورەکەم پزیشکی ددانەو ناوەندیەکەم



**دەندازیارە و منیش پزیشکی گشتی لێرەوە دەستی دایکم ماچەکەم کە بەو هەوڵ و ماندووبونە ئێمەی گەیاندە ئێرە تەنها دایکێک سێ کوری سەربەرزی پێگەیاند"**



بە شێوەیەک کاریتێکردم


کە چاوەکانم پرببون لە

فرمێسک زۆر دڵخوشبووم

کە بەو شێوەیە دڵی دایکی

راگرتوە .

دوای ئەم وتانە دکتۆر زانا هاتەوە سەر ستەیج و داوایلێکردین کە هەریەک لە ئێمە لەسەر پارچە کاغەزێک هۆکارێکی سەرکەوتن و هۆکارێکی شکست بنوسین و ئاڵوگوریکەینەوە لەنێوان خۆمانداو ئەمەش بوە وانەیەک بۆمان.. ئەم کارەمانکرد ئەو کاغەزەی بە دەستم گەیشت تێیدا نوسرابوو:



1. پشت بەستن بە خودا
2. هاورێی خراپ

کردم بە وانەیەک بۆ خۆم..

منیش لە کاغەزەکەی خۆمدا نوسیبووم :

1. هاورێی باش.
2. درکاندنی خەونەکەت یان ئامانجەکەت لەلای هەوان.

بەم شێوەیە وردە وردە سیمینارەکە بەرەو تەواوبوون چوو و بەرێکەوتین بۆ ماڵ هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو کاتێ گەراینەوە..

تا چەند رۆژێک بەردەوام باسی روداوەکانی سیمینارەکەم ئەکردەوە لەماڵەوە هێزێکی ئێکجار زۆری بۆم گەرانەوە.

لە هەر شوێنێک یان شتێک ئامۆژگاری و هاندان هەبوو رابکە بە دوای رەنگە چەند کاتژمێرێکت لێببات بەڵام چەندین رۆژت بۆ ئەگەرێنێتەوە.



# رۆژێک بەر لە تاقیکردنەوە:

رۆژەکان بەرە بەرە نزیک ئەبونەوە لە تاقیکردنەوەکان و ترسم ورر ورد بەرەو زیادبوون ئەرۆشت..راست بڵێم ئەو ترسە شتێکی خراپ نەبوو، بەردەوام وایلێم ئەکرد زیاتر و زیاتر هەوڵبدەم...

تا گەیشتینە رۆژێک بەر لە تاقیکردنەوە رۆژی پێشوو هەموو کتێبەکەم تەواو کردبو بە خوێندن و پێداچونەوەش لەمرۆدا تەنها پێداچونەوەیەکی سووکم مابوو ئەنجامی بدەم لەگەڵ ئەوەی بەهۆی سیمینارەکەوە کاتێکی زۆرم بۆ گەرابۆیەوە ٣ جار ئەو وانەیەو هەندێک لە وانەکانیتریشم خوێندبۆیەوە..

بۆیە دڵنیابووم کە وانەکەم بە تەواوی زەبت کردوە.



بەیانی زوو هەستام کوپێک قاوەم خواردەوەو دەستمکرد بە پێداچونەوە تا نیوەڕۆ دواتر ٢ کاتژمێر خەوتم کاتێک کە هەستام خەریکی دروستکردنی کێک بوون بۆ لەدایکبونی براکەم... کەمێک لەگەڵ ماڵەوە خەریکبووم و پشویەکمدا پاش کەمێک براکەم گەڕایەوە لە کار لێی پرسیم کە بەیانی لە چ قوتابخانەیەک تاقیکردنەوە ئەکەیت؟

شوێنی تاقیکردنەوەکەم پێبوت پاشان وتی کە ئایە پێشتر ڕۆشتوی بۆ ئەو قوتابخانەیە شوێنی تاقیکردنەوەکەت دیوە نەوەک بەیانی بڕۆیت و نەیدۆزیت و سترێسیت زیاد بکات وتم نەخێر نەمدیوە بەڵام هێندە گرنگ نیە نەشیدۆزم پرسیار ئەکەم..وتی نەخێر خۆت ئامادەکە با بڕۆین و قوتابخانەکە ببینە و ڕێگاکە بزانە ئەگەر شۆفێرەکە ڕێگاکەی نەزانی چی؟!



بێگومان ئەم خەمی منیبوو وتم باشەو خۆم
ئامادەکردو کتێبەکەم بۆ ئاسودەیی دڵم لەگەڵ
خۆمدابرد بەراستی ماوەیەک بوو
دەرنەچووبومە دەرەوە ئەوە کەمێک باشبوو
بۆم..کاتێک نزیک بوینەوە لە قوتابخانە دڵم
خورپەیەکی کرد هەستمکرد کە ئەو ترسەم
زۆر زۆر بووە بەڵام کاتێک گەیشتین چاوەکانم
پربوون لە فرمێسک کاتێک سەیری
قوتابخانەکەم ئەکرد بیرم لەوە ئەکردەوە ئەمە
ئەم شوێنەیە کە داهاتومی تێدا دیاریئەکەم کە
هەموو ئەو هەوڵەیداومە لێرە کۆتاییدێت
داهاتوم لەدوای دەرچونم لێرە دەستنیشان
ئەکرێت خەریکی بیرکردنەوە لەو شتانەبووم
دڵم زۆرپربوو براکەم لە دەرەوەی
ئۆتۆمبێلەکەوە وتی چی بوە؟! چاوەرێی چیت
بۆ دانابەزیت ؟! باری خۆم تێکنەدا دابەزام و
رۆشتینە ژورەوە...





بەڵام کەسی لێنەبوو دەرگای
ژورەوەش داخرابوو بەڵام
لەسەر دەرگای قوتابخانەکە
ناوی قوتابیەکان نوسرابوو..

کاتێک ناوی خۆم دۆزیەوە هەستێکی سەیرم هەبوو دڵخۆشبووم بەوەی لە بەیانیەوە دەسئەکەم بە دیاریکردنی چارەنوسم و ترسێکی زۆرم هەبوو بەهەر حاڵ گەراینەوەو ئاهەنگێکی بچوکمان بۆ براکەم کرد پاشان گەرامەوە ژورەکەم و پێداوچونەوەکەمتەواوکرد.


دەستنوێژێکم سەندو چومە سەر بەرماڵەکەم هەرچی لە دڵمبوو بە خودام سپارد و خۆشم بە خودا سپارد بە متمانەیەکی زۆرەوە لەسەر بەرماڵەکەم هەستامەوە.



# خاڵە گرنگەکان پەیرەو بکە:

شەو بە مێشکێکی ئارامەوە چومە ناو جێگاو نوستم.. بەیانی کاتژمێر ٥:٠٠ هەستام هەرچی گرنگبو لە رۆژی پێشوو دیاریمکردبوو پێیداچومەوە تا کاتژمێر ٧:٠٠ پاشان وازم لە هەموو کتێبەکان هێناو نانێکی سوکەم خوارد و خۆم ئامادەکرد و دوو رکعات نوێژی استخارەم کرد و بەرێکەوتم بۆ قوتابخانە کاتێک گەیشتم هەموو قوتابیەکان کۆبوبونەوە و هاورێکانم هەموو خەریکی پێداچونەوە بوون و پرسیاریان شیکارئەکرد تەنها سڵاوێکم لێیان کرد و دورکەوتمەوە لێیان تا هاورێ نزیکەکەم گەیشت و لەگەڵ ئەودا باسی ورەی خۆمان ئەکرد و ترسی یەکترمان کەم ئەکردەوە تا بانگکراینە ژورەوە لەوکاتەدا ترس و سترێسیەکی زۆرمان هەبوو کاتێک رۆیشتین دانشتین من خەریکی خوێندنی دوعاو ئایەتە قورئانیەکان بووم..





هاورێکەم لە دوو کورسی پێش من دانشتبوو
بینینی ئەو بۆ من باشبوو و ترسی کەمئەکردمەوە
پاشان بەرێوبەرەکە هاتە ژورەوەو زۆر بە
رویەکی خۆشەوە وتی **"سڵاو بەیانیتان باش
ئەزانم ئەترسن .. مەترسن و ئارامبنەوە
تاقیکردنەوەیەکە وەک ساڵانی پێشوو بێ
جیاوازی تەنها تێبگەن لە پرسیارەکان و بە
جوانی وەڵامبدەنەوەو هیچیتر".**

روخۆشیو نۆرماڵی بەرێوبەرەکە ترسی
هەموومانی کەم کردەوە بەراستی ئارامکەرەوەبوو.

پاشان پرسیارەکان گەیشتن و هەموو بێدەنگبووین
کە پرسیارەکان گەیشتنە دەستم ،بە بسم الله دەستم
پێکرد و سەرەتا هەموو پرسیارەکانم خوێندەوە
هەندێک لە وەڵامەکانم لەسەر پرسیارەکان
وەڵامدایەوە و پاشان زۆر بە هێمنی دەستمکرد بە
وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەر لە تەواوبونی
کاتەکە تەواوبووم تەواو پێداچونەوەمکرد و

وەڵامەکانم دایە دەست ماموستا کاتێک دەرچووم
قوتابیەکان خەریکی شیکارکردنی
پرسیارەکانبوون بەڵام رۆشتمە لای هاورێکەم و
هەردوکمان بە زەردەخەنەیەکەوە وتمان باشبووم.

پاشان رۆیشتینەوە ماڵ بێ ئەوەی هیچ پرسیارێک
شیکار بکەین گەرامەوە دایکم و خوشکەکەم خێرا
هاتن وتیان چۆن بوین وتم نازانم پرسیارەکانم
شیکار نەکرد دوای تاقیکردنەوە سوپاس بۆ خوا
ان شاء الله باشبوومە پاشان دوو رکعات نوێژی
سوپاس گوزاریم کرد و نانی نیوەرۆم خوارد و
خەوتم کەمێک پشوومدا و دەستمکرد بە وانەی
دوای ئەوە..

هاورێ پێم وایە خۆت توانیت وانەی ئەم بەشە
وەربگریت .. زوو بخەوە..زوو هەڵبسە.. پشت
بە خودا ببەستە.. بە کەس مەڵێ کە زۆر باشت
جوابداوەو سەیری شیکارەکان مەکە.



# مەروخێ! بەردەوامبە:

ڕۆژی تاقیکردنەوەی ئەو وانەیەیە کە زۆرم بۆی هەوڵداوە زۆر ماندووی کردوم لە سەرەتاوە ترس دایگرتبووم لێی..

بەیانیەو هەستاوم خەریکی پێداچونەوەیەکی خێرام.. بەڵام پێرانەئەگەشتم بۆیە هەستام بە ئەنجامدانی چەند هەڵەیەک نانم نەخوارد لەسەر جۆلانی لە نێو حەوشەکە دانشتبووم ئەمخوێند..براکەم بانگیکردم بۆ نانخواردن بەڵام نەرۆشتم پاش کەمێک براکەم تیکەیە نانی بۆم هێنا و شۆفێرەکە هات وتی دەی لە ڕێگا بیخۆ با مێشکت جوان کاربکات..

ڕۆشتمە ئۆتۆمبێلەکەوەو بەردەوامبووم لە خوێندن کاتێک گەیشتم هاوڕێکەم چاوڕێمی ئەکرد کاتێک بینی کتێبم بە دەستەوەیە خێرا کتێبەکەی لێم سەند

وتی چی ئەکەیت بەم کاتە ئەمەی ئەیکەیت هەموو وانەکەت لێ تێکەڵ ئەکات!!

کتێبەکەم لێی وەرگرتەوە وتم لێم دورکەوە ئەمەوێ بە تەنهابم و بخوێنم!!

دورکەوتمەوە و چومە شوێنێ دەنگە دەنگ بێزارم نەکات تا رۆیشتینە هۆلی تاقیکردنەوە ئەمخوێند.. کاتێک بانگیانکردین بێ ئاگابووم..هاورێکەم هات وتی دانیە با برۆین کتێبەکەمی گرت و فرێیدا.. بەوە دڵخۆشبووم کە ئیدی ئەو کتێبە نابینمەوە.

بەرەو هۆڵەکە رۆیشتم ترسیشم زۆربوو..کاتێک کە پرسیارەکان گەیشتنە دەستم بە روکەش سەیری پرسیارەکانم کرد باشبوون بەڵام کاتێک دەستم کرد بە وەڵامدانەوە



هەموو شتێکم بیرچۆیەوە


ئەژنۆم شکا،زۆربەیم بە



کەموکوڕی و بە هەڵە وەڵامدایەوە، کاتژمێرێک تێپەریبو لە ژوورەوەبووم.. لاستیکەکەم گرتە دەستم تا هەموو وەڵامەکان بسڕم و دەرچم لە هۆڵەکە کە یەک وشەم سڕیەوە لە ساتێک هەموو ئەو کاتانەم کەوتە بەر چاو کە لە سەرمای زستان لە ژێر بروسکەکان خەریکی خوێندنی ئەم بابەتەبووم بەڵێ هاورێ من هەمیشە لە حەوشە ئەمخوێند بە گەرما و بە سەرما بە باران و خۆرەتاو هەرکەس ئەهاتە ماڵمان بە دایکمی ئەوت ئەو کچەت تەواوە هەرکەس چارەگێک لەو سەرمایەبێت بەڵای بەسەردێت،دەی من لەو سەرمایە وریا ئەبوم..

بیرم لەوکاتە کردەوە کە هاورێکەم کتێبەکەمی فرێدا و دڵخوشبووم کە کۆتا جارە ئەو کتێبە ئەبینم.. لاستیکەکەم داناو تێنوسەکەم داخست و دام بە دەستی ماموستا ماموستا سەیرێکی روخسارمی کرد و وتی چۆن جوابتدا؟!

وتم خراپ و رۆشتمە دەرەوە گریان قورگمی گرتبوو، کاتێک چوومە



دەرەوە سەرم داخستبوو

ئەمویست خێرا برۆمەوە

ماڵ بێ ئەوەی کەس ببینم

هاورێکەم: گیانەکەم دەرچویت چۆن بویت؟ کوا سێرمکە! بۆچی روخسارت وایە؟ خراپ بویت؟!

پاشان لەباوشیگرتم..فرمێسکەکانم بۆ نەوەستاو گریام وتم خراپ بووم زۆر خراپ بووم...

هاورێیەکی گاڵتە ئامێزمان هاتە لامان کاتێک بەو جۆرە بینیمی وتی: ئەوە بچکولانەکەمان ئەگری مەمەی شیری بۆ ئامادە بکەن ژیربەوە ژیر بەوە ئێستا دایە دێت ..

سەیریکردم و وتی ژیربەوە حەیامانت برد بە گریانەوە پێئەکەنیم دواتر چاوم سڕی و وتم کە خراپ وەڵاممدا بەڵام خۆم باشم و بەرێکەوتم بۆ



ماڵ.. کە چومە ئۆتۆمبێلەکەوە شۆفێرەکە راستەوخۆ پرسی چۆنبویت ئەمرۆ؟!

شۆفێرەکە کورێکی هەبوو لە تەمەنی من بەڵام کورەکەی ئەو نەچوبوە تاقیکردنەوەوە و ساڵەکەی دواخستبوو.. هەرکات لە تاقیکردنەوەکان تەواو ئەبوم و ئەیبردمەوە لێی ئەپرسیم چۆن بویت پێم وابوو دڵنەواییەک بوم بۆی لە بری کورەکەی.

وەڵاممدایەوەو وتم زۆر خراپ بووم و سەرم داخست.

کاتێک گەیشتمە ماڵەوە لە دەرگا هاتمە ژورەوە براژنم کە خەریکی حەوشە شۆرین بوو وتی بەخێربێیتەوە ئەمرۆ چۆن بوی؟..

نەمتوانی هیچ قسەیەک بکەم سەرم داخست و چومە ژورەوە دایکم لەگەڵ پورم بە تەلەفۆن قسەی ئەکرد نەمویست نیگەرانی بکەم بە گریانم

راستەوخۆ وتم دایە زۆر خراپ بووم و برسیم نیە ئەرۆم ئەخەوم...

چومە ژورەکەم وەک هەموو جار دوو رکعات نوێژی سوپاسگوزاریم کرد و دەستەکانم بەرزکردەوەو وتم:



خودایە لە سەرەتاوە لە یەکەم

هەنگاومەوە خۆم سپارد بە تۆ

خەونەکانم سپارد بە تۆ بە پێی

توانام ماندوبووم زۆر ماندووم

ئیلاهی بەڵام پشتم بە تۆ بەستووە بۆیە هەرگیز ناروخێم، ناکەوم چونکە هەمیشە هەست ئەکەم کە تۆ لە پشتمی ، خودایە هێزم پێبدەوە با بتوانم بەردەوامبم ئەوەی رۆشت داومەتە دەست تۆ وە ئەوەی دێتیش پشتم بە تۆ بەستوە... تەواو فرمێسکەکانم لە چاوم خاڵی کردەوەو چومە جێگەکەمەوەو خەوتم..



كە هەستام بە هێزێکی زۆر و ورەیەکی زۆر و هیوایەکی نوێوە چاوانم کردەوە بۆ وانەی دوای ئەوە خوێندم، وەک بڵێیت هەر خراپیش نەبوبم.

بەڵێ هاورێ ئەوەی رۆشت ناگەرێتەوە بیدەرە دەست خودا.. خودا باشترینت بۆ ئەکات.



# وتەیەکی هاندەر:

گەشتینە نیوەی تاقیکردنەوەکان لە هۆڵی
تاقیکردنەوەبووم تاقیکردنەوەی کیمیابوو
پەشۆکاویە زۆر هەبوو بە هۆی ئەوەی کە
ئەیانوت پرسیاری هەڵە لە پرسیارەکاندایە
خەریکی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بووم
دڵنیابووم لەوەی هیچ هەڵەیەک نیە بەڵام
پرسیارەکان قورسبوون..

من سەرم دائەنا لەسەر تەختەکە لە کاتی
وەڵامدانەوە هەر لە قۆناغەکانی سەرەتاییەوە وا
راهاتبووم بڕێک جار مامۆستاکان پێیان وابوو
خەوتووم بە هەرحاڵ ئەمە خویەکی کۆنمبوو..

مامۆستاکان راهاتبوون بەو چەند رۆژە کە من
بەو شێوەیە وەڵام ئەدەمەوە..

لەپڕ یەکێک لە مامۆستاکان دەستی خستە سەر
شانم و وتی :دانیە کچم



به سەر سورمانەوە وتم: بەڵێ مامۆستا

مامۆستا: سەیری ئەم پرسیارە بکە بزان هەڵەیە یان ڕاستە؟! مامۆستای کیمیا نەگەیشتووە وقوتابییەکان ئەڵێن هەڵە لە پرسیارەکان هەیەو تۆش زۆر بە بێدەنگی وەڵامئەدەیتەوە..

مامۆستام دڵنیا کردەوە لەوەی کە هیچ هەڵەیەک نیە .

پاشان ماموستا هیوای سەرکەوتنی بۆم خواست و ڕۆیشت..



کاتێکی زۆرم پێچوو

جار جار پشویەکم ئەدا

پەنجەکانم ژانیان ئەکرد و

لەشم لەسەر تەختەکە ڕەق ببو

لە ناوەڕاستی تاقیکردنەوە سەرم بەرزکردەوەو سێرمکرد هاوڕێکەم لە شوێنەکەی نیە وە



کاتەکەش زوو بوو بۆ دەرچون تەواو دڵم ترسا پێم وابوو وەڵامی نەداوەتەوەو دەرچوە دەی ئێمە بەڵێنمان بەیەکدابوو هەرچیبێت وەڵامبدەینەوە و دەرنەچین بێ وەڵامدان تەواو پەشۆکام بەڵام سەرم خشتەوە سەر تەختەکەو بەردەوامبووم لە وەڵامدانەوە بەڵام دەروونم دوو هێندە ماندو بوو..

کاتێک وەڵامەکانم رادەستکرد بەرەو دەرەوە رۆشتم ماندوویەتی بە روخسارمەوە دیاربوو.

بەرێوبەری هۆڵەکە لە کۆتایی هۆڵەکەوە دانشتبوو بانگیکردم و وتی : ئادەی کچم بەرەو ئێرە وەرە !

روشتم بۆ لای و لێی پرسیم کە پرسیارەکان چۆنبوون چۆن وەڵامتدا؟!

وتم : خراپ نەبوم مامۆستا بەڵام زور قورسبوون.

پاشان پرسی کە ناوم چیە وتم دانیە وتی ئەی باوکت؟ وتم دانیە عبدالخالق!

وتی: چاوەرێئەکەم ئەم ناوە لە لیستی یەکەمەکان ببینم.

بە سەرسورمانەوە وتم ان شاء الله بە پشتیوانی خودا زۆر سوپاس مامۆستا..

پاشان وتی ئێستا برۆ و هیوای بەختێکی باشی بۆم خواست..

رۆشتمە دەرەوە زۆر لام سەیر بوو دەی من نە قوتابخانەی خۆم بوو نە مامۆستای خۆم بوون من تەنها غەریبەیەک بووم و خۆشم بە کەس نەناساندبوو لەلایەن هیچ کەسێکەوە!..

کاتێک دەرچووم خێرا بە شوێنی هاورێکەم گەرام رۆشتبوو تاوەکو ئاو بکرێت..

روشتم بە دوایداو هەر کە بینیم وتم : بۆ دەرچویت؟! نەمانوت هەرچیەک بوو دەرناچین!

هاورێکەم: دەرچونی چی؟؟ جارێ بڵێ چۆن بویت؟؟



وتم: له‌ من گه‌رێ تۆ بۆ ده‌رچویت؟!

هاورێکه‌م: ده‌رنه‌چووم زور باشیش بووم!!

به‌ سه‌رسورمانه‌وه‌ وتم : ئه‌ی له‌ شوێنه‌که‌ت نه‌مابووی؟!

پێکه‌نی و وتی گه‌رمام بوو به‌ مامۆستام وت شوێنه‌که‌می گۆری..

ته‌واو ئاسوده‌بووم و وتم ته‌مه‌نت کورت نه‌بێت کچ ته‌واوی تاقیکردنه‌وه‌که‌ ترست کرده‌ دڵمه‌وه‌..

به‌ پێکه‌نینه‌وه‌ له‌ فرۆشگاکه‌ ده‌رچوین و وته‌ی به‌رێوبه‌ره‌که‌م بۆی گێرایه‌وه‌ وتم ان شاء الله پێکه‌وه‌ ئه‌م خۆشیه‌ ئه‌بینین.

وشه‌یه‌ک ئه‌توانێت ته‌واوی رۆژه‌که‌ت خۆش بکات.. هاورێ منیش ئێستا پیت ئه‌ڵێم چاوه‌رێم له‌ شوێنی خه‌ونه‌کانت بتبینمه‌وه‌ به‌ ویستی خودا..



# کۆتا تاقیکردنەوە:

راست بڵێم خراپ وەڵاممدا لە هۆڵی تاقیکردنەوە وەڵامێکی راستم سڕی و گۆڕیم بە هەڵە کە ١٠ نمرەی لەسەربوو.. بەڵام کاتێک دەرچوم هیچ پێی نیگەران نەبووم هەستم بە پشودان ئەکرد بەهۆی ئەوەی تاقیکردنەوەکان تەواو بوون وە هیچ وانەیەکیشم نەمابوو..

بەهۆی ئەوەی کە نوێژی ئیستخارەم ئەکرد پێش تاقیکردنەوە دڵنیابووم کە ئەو هەڵەیەی کردومە ویستی خودای لەسەرە بۆیە بە دڵێکی خۆشەوە رۆشتمەوە ماڵ..

شۆفێرەکە: پێئەچێت زۆر باش بوبیت؟

وتم: بە پێچەوانەوە بەڵام دڵخۆشم و هەست بە ئازادی و پشو ئەکەم..

شۆفێرەکە: دەی ان شاء الله باش دێتە رێگات.





گەرامەوە ماڵ و بە سەماکردنەوە

چوومە ژورەوە..

دایکم صەلەواتێکی لێداو وتی

لە کۆتاییدا باش وەڵامت دایەوە؟!

وتم: نەخێر بە پێچەوانەوە ١٠ نمرەم بە هەوادا ئەروات تەنها دڵخۆشم و داومەتە دەست خودا و هیچ شتێک گەرانەوەی نیە.. چیمان هەیە زۆر برسیمە باشە ئاوەکە فێنکە بچم خۆم بشۆم جارێ با بچم بخەوم وای زۆر ماندووم..

دایکم بە پێکەنینەوە وتی جارێ هەناسەیەک بدەو برۆ خۆت بگۆرە..

کە رۆشتمە ژورەکەم دوو رکعات سوپاسگوزاریم کردو خۆمم سپاردە دەستی خودا و داوام لێکرد خێر بهێنێتە رێگەم..



کاتێک سەیری ئاوێنەم کرد کۆتاجاربوو کە ئەو جلانە لەبەر خۆمدابیبینم.. ناخۆشە، بەڵام دڵخۆشم هەستێکی سەیرە دڵم کەمێک پربوو.

پاشان خۆم گۆری و خەو لە چاوانم زرابوو لە خۆشی تەواوبونم.. لە دوای ئەو رۆژەوە ئیدی سترێس و ترسی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان لە دڵی هەمووواندا بوو بەڵام هەر وەک هەموو شتییێکم دابوە دەست خودا ئەوەشم دابوە دەست خوداو بێ خەمبووم و چێژم لە کاتەکانم وەرئەگرت.

هەموو شتێک بدە دەست خودا و دەرونت ئاسودەبکە هاورێ متمانەت بە خودای باڵا دەست هەبێت.



**هەست ئەکەیت؟!**

**هەست ئەکەیت هەموو سەختیەکانمان تێپەراند**

**بەڵێ هاورێ..**

**تا ئێرە لەسەر ئێمەبوو هەوڵ بدەین**

**لێرە بە دوا کارەکان ئەدەینە دەست خودا**



**وە کەمێک پشوو ئەدەین**

**پاشان چاوەرێ ئەکەین**

**بزانین خودا چی بە باش**

**ئەزانێت بۆ ئێمە و چیمان**

**پێئەبەخشێت تاوەکو بە**

**دڵخۆشیەوە لە رێگاکەمان**

**بەردەوامبین...**



## بەشی چوارەم:



ئێستاش با بەردەوامبین

بێگومان دوای سەختیەکان

خۆشی و شادی دێن

بەڵام ئاخۆ کۆتایی ئەم

ڕێگایە چۆنە و چۆن ئەبێت؟!

با پێکەوە کۆتا قۆناغی

ڕێگاکەمان تەواوکەین وەک چۆن هەموو سەختیەکانمان پێکەوە بڕی ئاوهاش خۆشی و ناخۆشیەکان پێکەوە ئەبڕین..

**با بڕۆین هاوڕێم!..**



# رۆژی وەرگرتنەوەی نمرە:

کات تێپەری و رۆژ لە دوای رۆژ ترس و
سترێسم زیادی ئەکرد هەڵبەت ئەمە شتێکی
ئاسایی بوو کە بۆ داهاتوم نیگەرانبم.

رۆژێک دایکم وتی خۆت ئامادەبکە ئەرۆینە ماڵی
پورت چەند رۆژێک لێوێ ئەبین، ماڵی پورم لە
شارێکیتربوو ، ئەمە بۆ من باشبوو سەرقاڵ
ئەبووم تا کاتی هاتنەوەی ئەنجامەکان.. خۆم
ئامادەکرد و رۆیشتین.

دوو رۆژ تێپەری لێوێ بوین تا نیوەروانێک
دانشتبووم و مۆبایلەکەم بە

دەستەوەبوو لەپر بە هاوارەوە

وتم : گوێبگرن گوێبگرن

لێرە نوسراوە کە بەیانی

ئەنجاومەکان دێنەوە!!!





پورم جلێکی هەبوو زۆر لام جوانبوو وتی دانیە ئەگەر ٩٠ بێنیت ئەو جلەم ئەکەمە دیاری بۆت دایکم لەلایەکیترەوە هات و وتی ئەگەر ٩٠ بێنێت هەموتان باگێشتی خوانێک ئەکەم لە دەرەوە..

بە پێکەنینەوە وتم خودا کەریمە جارێ با بەیانی بێت.

شەو داهات و چەنم ئەکرد خەوم لێنائەکەوت لەگەڵ هاورێکەم بە نامە خەریکی باسکردنی پەرۆش و ترسمان بوین بۆ یەکتر..

تاوەکو بەیان نەمتوانی چاوم بنێم بە یەکەوە ..

بەیانی داهات و هەمووان هەستان ترس و پەرۆشی بەڕومەوە دیاربوو وتیان کە کاتژمیر ١٠ی بەیانی ئەنجامەکان بڵاوئەکرێنەوە..

دایکم: هێندە بیری لێمەکەوە کچم

پورم: هێندەت زانی ئەنجامەکان دابەزاون وەرە خۆت خەریک بکە بە کارەوە لەگەڵمان.



دایکم: هێنده ئاسان دایناگرن ڕەنگە بەیانی دابەزێت وازبێنە ئیدی وەرە یارمەتیمان بدەو ئەو پیازانە ورد بکە!

خەریکی وردکردنی پیاز بووم چاوم بەردەوام لەسەر مۆبایلەکەبوو نەوەک هەواڵێک هەبێت دەستم لە کار نەدەرۆشت..

لە پەرۆشیا گریانم ئەهات بۆیە کاتژمێر یەک و هیچ هەواڵێک نەبوو.

خواردنیان دانا و هەمووان خەریکی نان خواردن بوون دوو پاروی بچوکم خوارد و ڕۆشتمە سەر قەنەوەکە و مۆبایلەکەم گرتەوە دەست.

دایکم: وتم کە بیری لێمەکەوە سەیرکە نانی بەیانی و نیوەرۆشت نەخوارد!

هەموان خەریکی سەرزەنشتکردنی منبوون..

کە ڕۆشتمە نێو ماڵپەری ئەنجامەکانەوە سەیرمکرد ئەنجامەکان دابەزاون زۆر لە پڕبوو

خێرا بە بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێم چومە سەر ناوی قوتابخانەکەم و چاوم بە ناوی خۆم کەوت

ئەژنۆم شکا لە کاتێک ئەوان خەریکی سەرزەنشتکردنم بوون.. بە دەنگێکی بەرز و چاوی پر فرمێسکەوە وتم :

دانیە عبدالخالق صالح ٩٦،٩٦،٩٢..هەمووان پێیان وابوو گاڵتە ئەکەم و پێئەکەنین ئیدی نە دەستم مۆبایلەکەی ئەگرت لەبەر لەرزین وە نە چاوم نمرەکانی ئەبینی خوشکەکەم سەیری کردم و وتی ئەوە بەراستتە ؟! وتم دادە نابینم تۆ سەیری بکە!..

خێرا مۆبایلەکەی لێوەرگرتم و هەموو نمرەکانی خوێندەوە دەستم کرد بە گریان و وتم کۆی نمرەم چەندە؟! ئەوەم پێ بڵێ وتی ٩٠,٤..ئەوکات نەمئەزانی چیبکەم..

ئەگریام هەمووان پیرۆزباییان لێم ئەکرد



دایکم وتی ئێوارە باگێشتی خوانێکتان ئەکەم لە
دەرەوە کچم زەرەرت لێمدا و پورم رۆشت
جلەکەی بۆم هێنا لە دە لاوە تەلەفۆن و نامە
ئەهات ..

لە هەمانکاتدا خێرا سەیری نمرەی هاورێکەم کرد
کە ئەو کۆی نمرەی ٩٦ بوو ئەمە دوو هێندە
دڵخوشکەربوو بۆم.



پاش کەمێک هێور بومەوە

خوشکەکەم پرسی کە ئایە

بە دڵمە وتم سوپاس بۆ خودا

ان شاء الله ئەمگەیەنێت بە خەونەکەم .

هەموان پەیوەندیان ئەکرد و پیرۆزباییان ئەکرد

دایکم و پورەکانم لێم تورەبون و ئەیانوت تۆ
وتوتە کە خراپ وەڵاممداوە !!



دەی هەڵبەت بۆ ١٠٠ بخوێنیت ٩٠ خراپ ئەبێت لەلات.. بە هەمویانەوە تورە ئەبون لەسەر ئەوەی خەمم  پێیان داوە ..

بە دڵخوشیەوە سەرزەنشتیان ئەکردم پاش کەمێک خوشکەکەم بە دەنگی بەرز وتی :

دانیە!!! وەرە ! سەیر ئەوە بکە !...

وتم: چی بووە بۆ کردوتەتە رۆژ خۆت!

رۆشتم لیستی یەکەمەکانی شارەکەمی نیشاندام ناوم لە نێو لیستەکەدا بوو شوک بووم

خوشکەکەم: شەشەم بویت دانیە پیرۆزت بێت...

هەڵبەت من لە بەشی پراکتیکی بووم و بوم بە شەشەمی سەر شارەکەم ئەبێت ئەوەش بڵێم کە پرسیارەکانمان زۆر قورسبوون هەر بۆیە بە کۆنمرەی ٩٠ توانیم پێگەی شەشەم بەدەست بێنم لەسەر شارەکەم دەی ئەو ئاواتەشم هاتە دی کە ناوی خۆم و هاورێکەم لەو لیستەدا بینی وتەی

بەرێوبەرەکەم بیرکەوتەوە کە وتی چاوەرێم ناوت
لە لیستی یەکەمەکان ببینم هەستێکی چەن خۆشبو
خودایە..

خۆشیەکان بوو بە دوو هێندە خەریکبووم
هەواڵمئەدا بە مامۆستاکانم کە پێگەی شەشەمم
هێناوە هەموان زۆر بە خۆشحاڵیەوە پیرۆزباییان
لێئەکردم..

پاشان خۆمان ئامادەکرد و روشتینە دەرەوە بۆ
بەسەربردنی کات .

هاورێ ئەم کاتە لەبیر نەکراوە!..

لەبیر ناکرێت! دڵنیام تۆش لەگەڵ مندا چێژت
لێیبینی.



## خۆشترین هەست:

پاش ماوەیەک جەژن داهات و سەردانی خزم و دۆست و کەس و کار دەستی پێکرد..

هەموان پیرۆزبایی زۆرگەرمیان لێئەکردم بۆ نمرەکەم و بۆ شەشەم بوونم ..

هەمووان بە ئومێدی گەورەوە لێمیان ئەروانی

پاشان خولەکەم هەروەک چۆن پارساڵ ئاهەنگێکی بۆ یەکەمەکان و نمرە بەرزەکان کرد بە هەمان شێوە بانگێشتی ئاهەنگ کراین بۆ هۆڵێکی گەورە رۆژ داهات و رۆژی ئاهەنگ هات تەواو خۆم ئامادەکرد و لەگەڵ هاورێکانمدا بەرەو هۆڵەکە بەرێکەوتین ..

کاتێک گەیشتین لە پێشی پێشەوە دانشتین مامۆستاکانمان هەموو ئامادەبوون کاتێک ئێمەیان بینی بریسکەی چاوەکانیان لە شانازیا

ئەدرەوشایەوە هەواڵپرسین و بزەکانیان و خۆشی دەربرینیان کۆتایی نە ئەهات.

ئەو رۆژەی کە بەر لە ساڵێک خۆزگەو خەونم بوو ئێستا تیایدام من لە شوێنی ئەو کەسە سەرکەوتوانەم کە پارساڵ لێرە دانشتبون و ئەمرۆ رۆژی منە..

پاش ئەوەی کە بەرێوبەر قسەی بۆ کردین و مامۆستاکانی بانگێشتی سەر ستەیج کرد بۆ رێزلێنان و دەست خۆشی هەمووان زۆر بە گوڕ و خۆشی گوێبیستی وتەی مامۆستاکانمان بوین.

هەڵبەت ئەو قوتابیانە ئامادەبوون کە تازە ئەبوون بە پۆلی ١٢ رێک وەک پارساڵی من بە دڵێکی پڕ و پەروشیەکی زۆرەوە دانشتبوون، لەپڕ بەرێوبەرەکە هاتە لای من و هاورێکانم و وتی کە بانگێشتم کردن پێویست ئەکات قسەبکەن بۆ قوتابیان!..

و راستەوخۆ رۆشت هاورێکەم زۆر شەرمن بوو..

هاورێکەم: دانیە من نامەوێ قسەبکەم سترێسم هەیە شەرم ئەکەم..

بە پێکەنینەوە وتم: شێت ئەمە ئەو رۆژەیە کە خەونمان پێوەی ئەبینی ئاساییبە وابزانە بۆ من قسە ئەکەیت!

هەڵبەت بەر لە ماوەیەک من و دوو هاورێکەم کە لە سەرەتاوە پێکەوە هەنگاوی سەرکەوتنمان نا و بەدەستمان هێنا ئەکاونتێکمان کردبۆیەوە لە ئنستگرام بە ناوی secret.class.12 کە تیایدا هانی قوتابیانمان ئەدا بۆ گەیشتن بە خەونەکانیان و بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە.

سەیری هاورێکەم کرد و وتم گوێبگرە ئێمە لە پشتی مۆبایلێکەوە خەریکی هاندانی قوتابیانین ئێستاش هەمان شێوەیە بێ سترێس برۆ و قسەبکە

من و هاورێکەیترم خەریکی هێورکرنەوەی بوین و بانگێشتکرا..

رۆشتە سەر ستەیج و چەندین وشەی زور جوانی وت کە گەرایەوە هەموو گیانی ئەلەرزا من و هاورێکەیترم خەریکی پێکەنینبوین و ستایشمان ئەکرد بەوەی قسەی زور باشی کردوە..

لە پر وترا دانیە عبدالخالق صالح شەشەم لەسەر بەشی پراکتیکی هەستام و رۆشتمە سەر ستەیج پاش پێدانی رێزلێنان

بەرێوبەر وتی دانیە خان وتەیەکت هەیە بفەرموو..

مایکەکەم بە متمانە بە خۆبونەوە لە بەرێوبەرەکە

وەرگرت کاتێک سەیری قوتابیەکانم کرد زۆرببون هەموان بە مامۆستاکانیشەوە سەیریان ئەکردم..



بزەیەکم کرد و وتم نەمئەزانی
بەڵام ئێرەستریسێکی زۆری
هەیە هههه..تەواوی هۆڵەکە
کەوتنە پێکەنین..

پاش سوپاسکردنی مامۆستاکانم وتم قوتابیەکان تەنها ئەمەوێ شتێکتان پێبڵێم کە خودی خۆم زۆر سودم لێی بینیوە ئەویش ئەوەیە :

**مێشکی مرۆڤ وەک منداڵێک وایە هەر شتێک بە مێشکت بڵێیت مێشکت ئەو کارەت بۆ ئەنجام ئەدات .. بە مێشکت بڵێیت ناتوانم ، نازانم، ناکرێت، ئەوا ناتوانیت و ناگەیت بە خەونت..**

**بە هەمان شێوە بڵێیت ئەتوانم ،ئەزانم ، ئەکرێ ،هەوڵئەدەم ئەوا ئەگەین بە خەونەکەت و ئەتوانیت ئەجامی بدەیت.. کەواتە هەمیشە بڵێ ئەتوانم بگەم بە خەونەکانم... ئیدی سوپاس**

پاشان رۆشتمەوە شوێنی خۆم قوتابیانی دیکەش بە هەمان شێوە بانگێشتکران پاشان بەرێوەبەرەکە دیاریەکی پێداین کە پێنوسێکی حبری بوو لەگەڵ قتویەک لە حبر بەڵێ هەمان ئەو پێنوسەی کە ئێستا چیرۆکی سەرکەوتنمی پێ ئەنوسمەوە.

# بریاردان:

بە پاش ماوەیەک ئیدی کاتی پرکردنەوەی فۆرمی کۆلێژ و پەیمانگاکان هات.

هەڵبەت ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە خەونی خۆمت پێ بڵێم هاورێ..

خەونی من بە پلەی یەکەم ئەوە بوو کە سەری خانەوادەکەم بەرز بکەم.

دووەم ئەوەبو ببم بە یەکێک لە یەکەمەکانی شارەکەم.

سێیەم و گرنگترینیان بونم بە ئەندازیار بوو.

واتا لە کۆلێژی ئەندازیاری وەربگیرێم.

ئێستاش کاتی بەدیهێنانی خەونەکەمە کە برۆمە بەشی ئەندازیاری.. بەڵام وای لە کۆمەڵێک بیرکردنەوە.

بێگومان هەریەک لە ئێمە بەر لە پڕکردنەوەی فۆرم پرسیارمان ئەکرد لەسەر بەشەکان و چۆنیەتیان.. بەڵام کۆمەڵێک بیر و بۆچونی جیاواز هەبون:

-ئەندازیاری نەوت وەرتناگرێت پارساڵ نمرەی ٩٣ی ویستوە

-پەیمانگای نەوت زۆر باشە برۆ ئێوێ

- بەشی ئەندازیاری بۆ ئافرەت نابێت بیری لێ مەکەمە.

-برۆ کۆلێژی زانست دواتر کارێکیش ئەدۆزی

و چەندەها بۆچونی جیاواز.

هەڵبەت ئەوەی کە خەونی من بوو خەونی باوکیشم بوو .

بریارمدا برۆم بۆ شارێکیتر تاوەکو کۆلێژی ئەندازیاری تەلارسازی بخوێنم..

بەڵام هەستم بە نارەزایی خانەوادەکەم کرد و دەستبەرداری بووم.

لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدابووم بریارەکان قورس بوون رۆشتبووم بۆ لای هەموو مامۆستاکانم هەمووان بۆچونی جیاوازیان پێمەدا پاشان رۆشتمە لای ستاڤی پرکردنەوەی فۆرمەکە لیستێکم ئامادەکردبوو کە لە بەرزترین کۆلێژ تا نزمترینم بە پێی ریزبەندی نوسیبوو ستافەکە پێیان وتم کە ئەندازیاری شارستانی وەرتئەگرێت.

پێم باشبو راستەوخو وتم بۆم تۆماربکەن وتیان گەر ویستت بیگۆریت تەنها یەکجار مۆڵەتی گۆرینت هەیە.

کاری فۆرمەکەم تەواو کرد و و پاشان پرسیاری تێر و تەسەنی بەشەکانم کردەوە بە جۆرێک کۆلێژی زانست بەشی کیمیایان کردە بەرچاوم تا وایان لێکردم کە فۆرمەکە بگۆرم و کۆلێژی زانست بکەمە پێش هەموو کۆلێژەکان..

ڕۆشتم و پرسم بە هەموو مامۆستاکانم کردەوە کە ئایە برۆم بۆ کۆلێژی زانست ئەوەی ئەوان جەختیان لەسەر ئەکردەوە ئەوەبوو کە ئایە من ئەو بەشەم بە دڵە؟

کاتێک ئەموت بەڵێ ئەیانوت کەواتە بیڕۆ لە هەمانکاتدا قوتابیەکی لێهاتوت لێدەرئەچێت لە کۆلێژ، بە شێوەیەک چووە دڵمەوە کە راستەوخۆ ڕۆشتمە ستافەکەوە و فۆرمەکەم گۆری.

لە یەکەم ئەندازیاری نەوتم نوسی پاشان کۆلێژی زانست.

ستافەکە زۆر دڵنیایان کردمەوە کە کۆلێژی زانست وەرمئەگرێت و ئەمە کۆتا دەرفەتمە وتم دڵنیام لە کارەکەم.

هاتمە دەرەوە ئەمە ئەوکاتەبووکە دەستبەرداری خەونەکانم بووم کە هەستم بە بەفیرۆچونی

هەوڵەکانم ئەکرد ئەمە کاتی ڕوخانی



ئەو داهاتوە جوانە بوو کە خەونم
پێوەی ئەبینی و ئەمخواست.
هەستم بە شتێک ئەکرد لە ناخمدا
خەریکە ئەڕوخێت..
سەرم داخست و بەرەو ماڵ بەرێکەوتم.
گەیشتمە ماڵ ڕاستەوخۆ ڕۆشتمە سەربەڕماڵەکەم
گریام دەستەکانم بەرزکردەوەو و وتم:
خودایە دڵنیام کە زۆر پەشیمان ئەبم یارمەتیم بدە
خودایە وەک چۆن خستە رێگام بەو شێوەیە
بیکەرە دڵمەوە هەرگیز لە کارەکەم پەشیمانم
مەکەرەوە خۆت باشترین بێنە رێگام خەون و
ئامانج و داهاتوم ئەدەمە دەستی تۆوە خودایە.
هاورێ بریارەکان با لە دڵتەوەبێت دەستبەرداری
خەونەکەت مەبە! وەک من مەکە! پەشیمانی دادت
نادات! ئاگاداربە!!..

## ڕۆژی وەرگرتنی بەشەکان:

چ دڵێکم بەم رۆژە خۆشبێت کە رۆژی کۆتایی پێهێنانی خەونەکانمە چ پەرۆشیەکم هەبێت ئەخر.

بەڵام لە پێش تاقیکردنەوەکانەوە تاوەکو ئێستاش کۆمەڵە خەونێکی جیاواز ئەبینم کە هەریەکەیان بە جۆرێک مانای سەرکەوتن و خۆشی ئەدەن دڵم ئومێدی تێدابوو بەوەی ئەموت رەنگە نەگەشتنم بە خەونەکەم خێربێت.

هەواڵ هەبوو کە لەم چەند رۆژەدا بەشەکان دێنەوە بەڵام نەمئەزانی کە لەمرۆدا دێتەوە..

دایکم و براکەم رۆشتن بۆ ماڵی نەنکم تەنها من و خوشکەکەم و باوکم لە ماڵ بوین...

خەریکی کارکردن بووم لە ماڵەوە پاش کەمێک رۆشتم قاپەکان بشۆم دەستەکانم تەربوون و زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا.. سەیرمکرد هاورێیەکمە دەستەکانم وشک کردەوەو هەڵمگرت..

وتم: ئەلوو.. خێر چی بوە وا تەلەفونت کردووە؟!

دەنگی زۆر شڵەژاو بوو..

هاورێکەم: دانیە بەشەکان هاتونەتەوە خێرا کۆدەکەتم بەرێ خێرا، با لێیدەم...

لەو خولەکە ئەژنۆم شکا دەستم تێکئاڵا نەئەمزانی چی ئەکەم نە ئەمزانی چی ئەڵێم.

وتم: چاوڕێکە چاورێکە...

خێرا بەرەو ژورەکەم رۆشتم باجەکەم دەرکرد

نەمئەتوانی ژمارەکان بخوێنمەوە هەر ژمارەیەکم ئەخوێندەوە نەفەسێکی قوڵم ئەدا بۆیم خوێندەوەو وتم تەواو لێیدە!!

هاورێکەم: لێمدا چاوەرێبکە ئێستا دێت.

بە دەنگێکی کز و خەماوی وتم ئەزانم بەشی زانستە هاورێ پێویستی بەم عەزێتە نەئەکرد...

هاورێکەم بە هاوارەوە وتی: دانیەەە!!!

وتم: چی بوو زانست نوسراوه؟؟

هاورێکەم: دانیە مزگێنی بێت..

وتم: چی بووە ئیدی قسەبکە!!

گوێیگرە نوسراوە دانیە عبدالخالق صالح کۆلێژی ئەندازیاری نەوت.

بۆ ساتێک بێ دەنگ بووم پاشان وتم: گاڵتە ئەکەیت وایە؟ باوەرناکەم!

هاورێکەم: بە ناوی خودا بەراستمە گاڵتە لە شتی وا ئەکرێ ئاخر!!

حەپەسابووم وتی بۆست با وێنەکەیت بۆ بنێرم..

وتم: نا ئەرۆم خۆم لێیئەدەم نەوەک هەڵەبێت

راستی خۆشم نەمئەزانی چی ئەڵێم.

خۆم بە دەستە لەرزۆکەکانم وچاوە پڕ فرمێسکەکانم کۆدەکەم لێدا چی نوسرابوو



تم قبولك في / جامعة كركوك/ كلية الهندسة/قسم النفط

| اسم الطالب | الفرع | المجموع |
| --- | --- | --- |
| دانيه عبد الخالق صالح سليمان | تطبيقي | 633 |

وەک ئەوەبوو روح بەبەر مردویەک بکەنەوە نەمئەزانی لە خۆشیاندا چیبکەم پێئەکەنیم و ئەگریام.

وتم: هاوڕێ سوپاس سوپاس بۆ هەموو شت خێرا ئەرۆم بە ماڵەوە ئەڵێم دواتر دێمەوە

خێرا پەیوەندیەکەم داخست و خێرا رۆشتم بەرەو ژورەکەی باوکم خوشکەکەم بە دەنگمەوە هات وتی چیبوە وتم لە ئەندازیاری نەوت وەرگیراوم نەیئەزانی لە خۆشیا چیبکات پێکەوە رۆشتینە ژورەکەی باوکم ،باوکم کە فرمێسکەکانمی دی لەگەڵ ئەو شڵەژاویە ترسا وتی چی بووە؟؟

وتم: باوکە ئەوەی خەونت پێوەی ئەبینی کە منداڵەکانت بەدەستی بهێنن من بەدەستم هێنا ، من کردم باوکە من کردم، و دەستم کردە گریان..

باوکم: لە هەندەسە وەرگیراوی راستە ؟؟!

وتم : بەڵێ باوکە وەرگیرام .

باوکم: بەشی نەوت راستە؟!

وتم: راستە باوکە راستە بەدەستم هێنا ..

پاشان باوەشم لە باوکمداو گریام

مۆبایلەکەم زەنگیلێئەدا خوشکە گەورەکەم بوو هەڵمگرت وتم ئەلوو

خوشکەکەم: ئەلوو وتیان بەشەکان هاتۆتەوە چیبوو لە کوێ ناوت هاتۆتەوە بۆ ئەگریت ؟؟

وتم: ئەندازیاری نەوت دادە، دادە توانیم، توانیم سەرکەوم ، ئەو خەونانەی هەموو شەو ئەمبینی راستبوون دادە من سەرکەوتم..

خۆشی و پێکەنین و گریان لە دەنگمەوە ئەبیسترا.

وتم: دایبخەوە دایبخەوە پەیوەندی بە دایکمەوە ئەکەم.

خێرا پەیوەندیم بە دایکمەوە کرد و وتم دایە مزگێنی بێت ناوەکان هاتونەتەوە ..

وتی ئێێ بڵێ لە کوێ ناوت هاتوتەوە ؟؟

بە پێکەنینێک و لە خۆباییەکەوە وتم دایە ئێستا لە بەشی ئەندازیاریم تکایە ئیدی پێم بڵێن ئەندازیار دانیە هههههـ

دایکم: ئەی سوپاس بۆ خوا رەبی پیرۆزتبێت کچم ئێستا دێمەوە ماڵ..

پاشان دامخستەوەو خێرا رۆشتم دەستنوێژێکم سەند و رۆشتمە ژورەکەم دوو رکعات نوێژی سوپاس گوزاریم کرد و دەستەکانم بەرزکردەوەو وتم : خودایە خۆم و داهاتوو و خەونەکانم دابۆیە دەست تۆ دڵنیابووم بەهەر رێگایەکبێت بێ ئومێدم

ناکەی سوپاس بۆ تۆ خودایە سوپاس کە گەیاندمت بە خەونەکانم ...

بە جۆرێک ئەگریام وەک بڵێیت منداڵێکی بچوکبم و لە چاڵێکی تاریک دەرکرابم.

پاشان دایکم و براکەم و براژنم گەرانەوە هەموو خانەوادەکە لە دڵخۆشیانا بەردەوام پیرۆزباییان لێئەکردم.

دڵخۆشی باڵی بەسەر هەموومان کێشابوو ئەوە وەک خەونێک وابوو بەڵام چ خەونێکی خۆش...

هاورێ دڵخۆشم گەر تۆش خانەوادەکەت دڵخۆشکردبێت بەڵام دوبارە داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر ئەزیزێک لە خانەوادەکەت لەدەست دابێت بەڵام بێگومان خاوەنی خانەوادەیەکی کە چاوەرێن تۆ ببیت بە شتێک.

مەرج نیە ئەوەی دڵی تۆو خانەوادەکەت یەکبێت بۆیە بۆ خەونەکانی خۆت هەوڵبدە سەرەتا بۆ ئەوەی کارەکەت لە دڵەوە بوێت لە کۆتاییدا هەر ئەو خەونەی تۆیە ئەبێتە کاری تۆ پێش هەمووان ئەوە تایبەتە بە تۆ!!

زۆر داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر تۆ نەگەشتبی بە خەونەکەت پشت بە خودا ببەستە دڵنیابە خودا بە جۆرێکت لەگەڵ ئەکات کە خۆتش باوەرناکەیت چەن ئاسودەیت بەرادەیەک سوپاسی خودا ئەکەیت کە نەگەشتی بە خەونەکەت و بەڵکو گەیشتی بە شوێنی راست و دروست واز لە بێ هیوایی بێنە و ببە پاڵەوان لە بەشەکەت ئەمە کۆتایی دونیا نیە پشت بە خودا ببەستە و هەوڵ بدە هەزارەها شتی جوانتر دێتە رێگات.

وە ئەگەر ئێشتا لە رێگایت و نەگەشتویت خودا چی باشە ئەوە بێنێتە رێگەت و بیبەستێتەوە بە خەونەکەت من هیوای باشترینت بۆ ئەخوازم .

# سەرکەوتن باشترین تۆڵەیە:

بیرتە هاوڕێ ڕۆژێک لە ڕۆژانی هەوڵدانم مامۆستاکەم چی پێوتم .

وتی کە پێکەنینی ئێستات ئەبێت بە گریان لە داهاتودا .



دەی ئەمرۆ ڕۆژێکە

کە لەلایەن قوتابخانەوە

بانگکراوین بۆ ڕێزلێنان .

لەگەڵ دوو هاورێکەم خۆمان ئامادەکرد و ڕۆشتین بۆ قوتابخانە هەموو مامۆستاو قوتابییەکان لە گوڕەپانی قوتابخانەکە ئامادەبوون و چەند ستافێکیش هاتبوون باگێشت ئەکراین بۆ ڕێزلێنان و پاشان ئاهەنگێکی بچوکیان بۆ کردین هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ هاورێکەم ڕۆشتین بۆلای هەموو مامۆستاکانم هەموان پیرۆزبایی زۆر گەرمیان لێئەکردین..

تا پێکەوە رۆشتین بۆ لای ئەو مامۆستایەمان سەیریکردین وتی ها دانیە چیت دەرکرد زەردەخەنەیەکم کرد و وتم ئەندازیاری نەوت و شەشەم لەسەر ئاستی شارەکەم مامۆستا گیان مامۆستا بە پێچەوانەی رۆژانی پێشو ئێستا سەربەرزبوو بە سەرکەوتنم و دەسخۆشیشی لێئەکردم .

ئەمە مانای تۆڵەی راستەقینەیە ئەوەیە کە وابکەیت ئەوەی دژت ئەوەستیت لە کۆتاییدا شانازیت پێوە بکات .

هەرگیز وەڵام مەدەوە هەرگیز عینادی مەکە تۆڵەی درۆیی مەسەنەوە بە بێدەنگی سەربکەوەو وابکە شانازیت پێوە بکەن هاورێ.

# کۆتایی...

ئەمرۆ ١ی ١١ــەیە دوو رۆژی ماوە بۆ کردنەوەی کۆلێژ ئەمرۆ هەینیە و رۆژی لەدایکبونی منە داواکاری من بردنم بوو بۆ لای خۆشەویستترین هاورێم کە هاورێیەکی دوورە شارم بوو ..

بەڵێ ئەمەیان کرد بە دیاری رۆژی لەدایکبونم...

بەیانیەو زوو لە خەو هەستام لە پەرۆشیا

لە ژورەکەم دەرچووم باوکم هەستابوو

باوکم: ها خاتونی ئەندازیار ئەبینم زوو هەستاوی.

وتم: ئەی ئەمرۆ گەشتمان لە پێشە ئەوانی دی بۆ هەڵنەساون من نانی بەیانی ئامادە ئەکەم و توش هەڵیان بسێنە.

پاش ئەوەی هەستان هەمووان پیرۆزبایی بونم بە ۱۸ ساڵیان لێم ئەکرد پاش نانخواردن خۆمان ئامادەکرد و بەرێکەوتین هەموو شتێک جوانبوو هێندە دڵخۆش هێندە پەرۆش کە باس ناکرێت..

کاتێک گەیشتینەماڵیان دوای ئەحواڵ پرسین هەردوو خانەوادەکە لە ژوری میوان دانشتبوون هاورێکەم بانگی کردمە ژورەکەی خۆی و وتی کەمێک چاوەرێم بکە پاش کەمێک بە کێکێکەوە هاتە ژورەوە کە مۆمێکی لەسەربوو لەگەڵ ناوی خۆم لەگەڵ چەند کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکانمان کە هەمووان گۆرانیان بۆ ئەوتم.

هاورێکەم: هێوایەک بخوازە و مۆمەکە بکوژێنەوە چاوەکانم داخستوو لە دڵەوە وتم خودایە ئەم دڵخۆشی و خۆشیەم بهێڵیت پاشان فووم لە مۆمەکەکرد هەمووان پیرۆزباییان لێکردم

پاشان روشتین بۆ گەڕان و کاتێکی خۆشمان بەسەربرد شەوداهات و گەراینەوە ماڵ.

رۆشتمە ژورەکەم و پاش کەمێک دایکم و خوشکەکەم خۆیان کرد بە ژوورەکەمداو گۆرانی لەدایکبونیان خستبوە سەر و دیاریان بۆ هێنابووم.

دووبارە پیرۆزبایی ههههە.

پاشان لە ژورەکەم رۆشتن..

بەڵێ خۆشترین رۆژی ژیانم کە نازانم ئەکرێ دوبارە بێتەوە یاخود نا.




**تەواو ئیدی گەشتینە کۆتایی**

**هاوڕێ زۆر دڵتەنگم کە ئیدی**

**ناگەڕێمەوە لات و بە یەکجاری**

**جێت ئەهێڵم بەڵام ئەمە کۆتایی**

**ڕێگاکەیە کە بەڵێنم دابوو لەگەڵت**

**دابم نیگەرانم کە ئێستا دڵتەنگی یان دڵخۆشی**

**بەڵام لە دڵەوە هیوای دڵخۆشیت بۆ ئەخوازم**
**هیوادارم دوای ڕۆشتنم دڵخوشترین بیت و لە**
**هەوڵدان و ڕێگای ژیانت بەردەوامبیت...**

**ویستی ڕۆشتنم نیە بەڵام وا پێویستە...**

**هیوادارم شوێنێکم لە یادەوەریەکانت گرتبێت**
**گەر ڕۆژێک بیرتکردم لە مێشک و دڵتا یادم**

بکەوە، زۆر دڵخۆشبووم بە بڕینی ڕێگاکەم لەگەڵتدا.

من ئێستا ئامانەتی خودات ئەکەم بەڵام بیرت بێت خوتش هەمیشە خوت ئامانەتی خودا بکە و ئاگاداری خوتبە باش...

دڵخۆشبە!!

خودات لەگەڵ.

**هیوای دڵخۆشیەکی هەمیشەییت بۆ ئەخوازم**

**. . .**

**کۆتایی**